# ڕاپۆرتی سیاسی

## هەڤاڵانی هێژا , ئەندامانی کۆنگرە ..
## ســـــڵاوی رزگاری و سەرخۆبوونتان لێ بێت ..

لە بەراییدا بە ناوی کۆمیتەی ناوەندییەوە بەخێرهاتنتان لێدەکەین و لێتان دەخوازین کە وردبین و دڵسۆزانە وتوویێژ لەسەر راپۆرتی سیاسی و بەرنامەکانی کۆنگرە بکەن و , رۆڵی خۆتان لە داڕشتنی رامان و ئایدۆلۆژیاو ئارمانجی حزب ببینن و بۆ قۆناغی داهاتوو , ئەرک و بەرپرسیارێتی لە ئەستۆ بگرن .

هێژایان , وەک دەزانن کۆنگرەی دامەزراندنی پارتی گەل لە نێوان رۆژانی ( 26 – 1981/7/30) پێکهات و وەک ریێکخراوێکی دیموکراتی شۆرشگێر هاتە کۆڕی خەباتەوە . پارتی گەل باوەڕی بە هاوپەیمانێتی و هاوکاری نێوان لایەنە سیاسیەکانی بزاڤی رزگاریخوازی گەلی کوردستان هەبوو , هەرگیز ناکۆکی و ململانێ و شەڕی براکوژی هەڵنەگیرساند و درێژەی پێنەدا . باوەڕی بە یەکبوونی لایەنە هاوڕامان و هاوئارمانجەکان هەبوو . زۆر شێلگیرانە کاری بۆ دەکرد . بۆ ئەم مەبەستە هەنگاوی دانوستاندنی لەگەلڕ هەردوو لایەنی حزبی سۆسیالیستی کوردستان و پارتی سۆسیالیستی کورد( پاسۆک ) هەڵگرتەوە و رۆژی 1992/8/20 کۆنگرەیەکی هاوبەشی لەگەڵیاندا پێکهێنا . کۆنگرە تا 1992/8/27 درێژەی کێشا و حزبی یەکگرتنی کوردستانی لێوەبەرهەم هات . بەڵام لەبەر رەوشی ئەو کاتەی باشوری کوردستان و نەگونجانی هەندێ ئەندامی سەرکردایەتی لەگەلڕ یەکتر , بەرەو هەڵوەشانەوە شۆڕبووەوە . بیرۆکەی هەڵوەشاندنەوەی حزبی یەکگرتن , یاخود زیندووکردنەوەی رێکخستنی هەر سێ لایەنەکەی پێشوو لەنێو یەکگرتندا هاتە رۆژەڤەوە . بەڵام ئەنجوومەنی سەرۆکایەتی بەرنامەی یەکگرتنێکی گەورەتری کردە جێگری ئەو بیرۆکەیە . هەر بۆ یەکلایی کردنەوەی ئەو کێشەیە دووەمین کۆنگرەی حزبی یەکگرتن لە 1993/8/14 دەستی بە کارەکانی خۆی کرد , لە دووەمین رۆژی کۆنگرەدا دەستەیەک کادیری نوێنەری کۆنگرە کە زۆربەیان ئەندامانی پێشووی پارتی گەل بوون , بڕیاری مانەوە و درێژەپێدانی کاروانی خەباتی پێشوویان دا . سەرەتا نیازبوو هەر بەناوەکەی پێشوو بمێننەوە , بەڵام کۆبوونەوەی فراوانی کادیران رەوشی باشور و هەستەوەری هەندێ لایەنی لەبەرچاوگرت . سەرەنجام بە زۆرینەی دەنگ بڕیاردرا پارتی گەل نۆژەن بکرێتەوە و لە ژێر ناوی حزبی رزگاریی کوردستان درێژە بە خەبات بدرێتەوە . ئیدی لەو رۆژەوە حزبی رزگاری وەک درێژەپیدەری پارتی گەل خۆی راگەیاندووە . لە رۆژانی ( 15–1995/11/18) یەکەمین کۆنگرەی حزب لە ژێرناوی کۆنگرەی بەرەو رزگاری و سەرخۆبوون سەرکەوتووانە بەرێوەچوو . دەبووایە چەند ساڵ دواتر کۆنگرەیەکی دیکە ببەسترێت , بەڵام لەبەر رەوشی نائارامی کوردستان و گوشارە جۆراوجۆرەکان بواری پێکهێنانی کۆنگرەیەکی لەو بابەتە هەروا سووک و هاسان نەبوو . ئەمە ئەمرۆ ئەو دەرفەتە رەخساوەو کۆنگرە دەبەستین .

دەبێ لێرەدا راستوێژانە قامک بخەینە سەر کێماسی و کەموکوڕیەکان و دان بەوە دابنێین کە نەبەستانی کۆنگرە گورزی خۆی لەکاروانی بەرەو پێشەوەچوونی حزب داوەو رێگەشی لەبەردەم کەسانی لێهاتوو گرتووە کە بەرپرسیارێتی لەئەستۆ بگرن .

کۆنگرە دەروازەیەکە بۆ چاوگێڕانەوە بە کارەکانی رابردوو , تیرۆژێکە بۆ گورزکردنی تیشکی داهاتوو . کۆنگرە نۆژەنکردنەوە و بوژاندنەوەی جەستە و گیانی هەر رێکخراوێکە . خۆبواردن و خۆدزینەوەش لە پێکهێنانی, گورزی کاریگەر لە پەیکەری هەر رێکخراوێک دەدات و رێگەش لەگەشە و پێشکەوتنی دەگرێت .

دەبێ ئێمە وەک کۆمیتەی ناوەندی رەخنە لە خۆمان بگرین و دان بەو راستییە بنێیین کە لەبەرەو پێشەوەبردنی کاروانی رزگاری و سەربەخۆخوازی وەک پێویست لێزان و سەرکەوتوو نەبووین . هەندێ لەوانەی بوون بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەر زوو بەرگەی گوشارەکانیان نەگرت و پاشەکشەیان کرد , چەند ئەندامێکی دیکەش ملیان نەداوەتە کارکردن و بڕوبیانۆیان هێناوەتەوە وخۆیان دزیوەتەوە .

سەرباری هەموو ئەوانەشەوە دەبێ ئەو هۆکارانە لەبەرچاو بگرین و ئەو کاودانە بخوێنینەوە کە بوونەتە هۆی دواکەوتنی بەستنی کۆنگرەو پێشکەوتنی حزب .
هەڤالان .. وەک ئاگادارن لە 1993/8/15 لەنێو چ باهۆز و رەوش و کاودانێکی سەخت و دژواردا, رابووینەوە و حزبی رزگاریی کوردستانمان راگەیاند . لە مەزەندە و هزری سیاسەتوانان ئەگەری کەم هەبوو کە ئێمە بتوانین لەسەر پێ رابوەستینەوە و درێژە بەکاری سەربەخۆخوازی و مێژینەی خۆمان بدەینەوە . ئێمە لەژێر گوشارەکاندا خۆراگربووین و هەڵسابینەوە , کە هەڵسابینەوەش بوێر و لەخۆبردوو بووین , گومانەکانمان رەواندەوە و سنورە درکاویەکانمان تێپەڕکردن .
هێشتا چەند مانگ بەسەر راگەیاندنی حزبی رزگاریی کوردستان تێپەڕ نەببوو کە شەڕە نێوخۆییەکان لەبەرگ و رەنگی جیاوازدا هەڵگیرسێندرانەوە . سیاسەتکردن و رێکردن لەنێو پانتایی شەڕی نێوەخۆدا بارێکی سەخت و گران بوو . ئێمە لەگەلڕ پەیامی خۆمان راستگۆ ماینەوە و نەبووینە بەشێک لە سەنگەری براکوژی .لێرەدا ئەو راستییە بۆ مێژوو دەڵێین :- ( بەر لە راگەیاندنی رزگاری لە ئاسۆی داهاتوودا تارمایی شەڕی نێوەخۆمان بەدیکردبوو . هەر بۆ سڕینەوەی ترسی ئەو تارماییە مێژووی سەردەم داخوازی راگەیاندن و نۆژەنکردنەوەی لێدەکردین و رایدەسپاردین کە ئاڵای سەربەخۆخوازی بەرز رابگرین و شێلگیر و لێبڕاوانە بەرەو ئاســــــۆ رێبگرین ).
هەڤالانی هێژا .. ئەمڕۆ دوای تێپەڕبوونی 23 سالڕ بەسەر دامەزراندنی پارتی گەل و, دوای تێپەڕبوونی 11 سالڕ بەسەر راگەیاندنی حزبی رزگاری , کە ئاوڕ لە رابردووی خۆمان دەدەینەوە , شتێ نییە شەرمی لێبکەین و خالێکی رەش بەدی ناکەین و هەڵوێستێک نیە لێی پەشیمان بین . کارێکی دزێو و رەفتارێکی سیاسی ناڕەوا و نابەجێمان نەکردووە کە مێژوومان لەکەدار و سیا بکات . حزبی ئێمە هەڵوێست فرۆشی و سیاسەتبازی و مادەلایی بۆ کەس نەکردووە و نایکات . هەمیشە بە هەڵوێستە روون و ئاشکرا نیشتیمانی و شۆرشگێڕیەکانی دەناسرێتەوە . هەر کات ویستوومانە لەسەر پێی خۆمان رابوەستین و مێژوویەکی پڕ شانازی بۆ حزب و بۆ گەل و بۆ وڵاتەکەمان تۆماربکەین . ویستوومانە و دەمانەوێ ئەزموونێکی نوێ و شارستانی بین و لاپەڕەیەکی پرشنگداری مێژووی گەل و نیشتیمان بنەخشێنین .
ئەگەرچی هەندێ ناحەز گوشار و دەستەڵاتی خۆیان بۆ چووکەکرنەوە و هەڵوەشاندنەوە و سڕینەوەی رزگاری تەرخانکرد , مەرامیان بوو ناکۆکی بخەنە ریزەکانمان و پێوەندی نێوان رزگاری و هەندێ لایەن ئاڵۆز بکەن . خۆشبەختانە بە گیانێکی پڕ لە بەرپرسیارێتی رەفتارمان کرد و تەواوی ئەو نەخشەو پیلانانە پوچەلڕ کرانەوەو سەربەرزانەش لە ئەزموونەکانی مێژوو سەرکەوتین .
ئەمڕۆ حزبی ئێمە وەک رێکخراوێکی نیشتمانی و چەپ و سەربەخۆخواز خاوەن دیدگەو رامانی خۆیەتی و یەکێکە لەو لایەنە ســـــیاســـیانەی کە سازش لەســـــــــەر ئارمانج و دروشم و بیروباوەڕەکەی ناکات .دروشمەکانی ( سەربەخۆیی , دیموکراسی , دادیکۆمەڵایەتی ) لە دروشمە بەرچاوەکانی حزبن و بە درێژایی 11 ساڵی رابردوو شێلگیرانە خەباتیان بۆ کراوە . دروشمەکان راستین و رەوان , خواستی جەماوەریین , بۆیە بە زوویی باوەڕیان پێهێنرا و بوون بە وێردی سەر زمانی رۆشنبیران و هەڵسوڕاوانی بوارەکانی خەباتی یەکسانی و بەرابەری . ئەمڕۆ چەند حزب و لایەنی دیکە هاتوون و لە دوای ئێمەوە هەمان دروشمەکانی حزبی ئێمەیان بەرزکردۆتەوە . لێرەدا دەکرێ پرسیار لە ئەندام و سەرکردایەتی ئەو حزبانە بکەین و بپرسین :( ئەگەر ئێوە وەکو حزبی ئێمە بیر دەکەنەوە و باوەڕ بە دروشمەکانمان دەهێنن , ئەی بۆ بەرەو یەکبوون و یەکگرتن هەنگاو هەڵناگرنەوە ؟؟) . لە لایەکی دیکەشەوە پێویستە لە کاتی ئیجازە پێداندا پرسیاریان لێبکرێت , چونکە لە رووی یاساییەوە ئیجازە بە حزبێک دەدرێت کە ئارمانج و دروشمەکانی لە هی حزبەکانی دیکە جیاواز بێت .
حزبی ئێمە لە پێناو نیشتیمانێکی سەربەخۆ و کۆمەڵگەیەکی بەختیار و جیهانێکی باش , خەبات دەکات . خەبات کردن بۆ ئەو ئارمانجانەش کاری سەخت و بێپسانەوە و کەسانی بوێر و لە خۆبردووی دەوێت و دەبێ باشتر خۆمانی بۆ ئامادە بکەین .

## نیشتیمانێکی سەربەخۆ

خەباتکردن لە پێناو سەربەخۆیی نیشتیمان , خەباتێکی رەواو راستینە , لەهەمان کاتدا مافێکی ئاسایی و سروشتی هەر گەلێکە . گەلی کوردستانیش مافی خۆیەتی لە پێناو سەربەخۆیی نیشتیمانەکەیدا

تێبکۆشێت . ئەو کارەش بەو مەرجە سەرکەوتوو دەبێت کە توانای سەرجەم گەل , بە تایبەتیش شیان و توانای لاوان بکرێتە هەوێنی بەرەو پێشەوەبردنی خەبات و گێرانەوەی سەروەری بۆ تاکەکانی کۆمەلڕ و چالاککردنی لایەنە سیاسیە گەنجەکان . بە واتایەکی دیکە دەبیٚ کۆمەڵگە ڕۆشنبیر وهۆشیار بکرێتەوە و لۆژیکی سەهۆڵبەندان شوێن بۆ ژیری و لۆژیکی سەردەم چۆل بکات و, بۆچوونی پیر و دەستەڵاتی پیران کۆتایی پێبهێنرێت . بۆ ئەوەی شادەمار و موولوولەکانی جەستەی بزاڤی رزگاریخوازی کوردستان بە خوێنی تازە نۆژەن بکرێتەوە , دەبیٚ نەوەی نویٚ بێتە مەیدان و تەمەنی دەنگدان بۆ 16 ساڵی کەمبکرێتەوە و لاوان بەرپرسیارێتی لە ئەستۆ بگرن و پێشەنگایەتی کۆمەڵگە بکەن .

حزبی ئێمە خاوەن بیرو بۆچوونێکی رزگاریخوازی و سەربەخۆخوازی و دادپەروەرانەیە , بۆ هەزارەی سێهەم پێکهاتووە , جیهانی بیردەکاتەوە و هەرێمی کاردەکات , لە کوردستانەوە لە داهاتووی جیهان و کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی دەڕوانێت . حزبی گەنج و لاوانی کوردستانە , لاوان بەرپرسیارێتی لە ئەستۆ دەگرن و دەیانەویٚ پێشەنگایەتی خەباتی رزگاریخوازی و سەربەخۆخوازی بکەن .

حزبی ئێمە یەکەمین لایەنی سیاسی کوردستانی بووە کە لە ساڵی 1993ەوە بۆ یەکلاییکردنەوەی کێشەی کوردستان , دروشمی ریفراندۆمی بەرزکردۆتەوە و پێیوابووە کە لەبارترین شێوازی خەباتی سەردەمانەو هاوچەرخانەیە و, لەم ریگەیەوە گەلی کوردستان دەتوانیٚ رزگاری خۆی و سەربەخۆیی نیشتیمانەکەی وەدەستبهێنێتەوە .

بۆ ئەوەی نیشتیمان سەربەخۆ بێت , دەبیٚ گەل سەروەری بڕیاری خۆی بەدەستبێنێتەوە . سەروەری بڕیاریش بە بەڕێوەبردنی راوێژێکی گشتی ( ریفراندۆم ) وەدەست دێتەوە . بۆ ئەوەی نیشتمان سەربەخۆیی بێت , دەبیٚ باشوری کوردستان لە عێراق جیا بکرێتەوە . ئەم کارەش لە ریگەی بەڕێوەبردنی ریفراندۆم یان بە بڕیاری پارلەمانی کوردستان بە ئاکام دەگات . ئێمە لە پێناو بەڕێوەبردنی ریفراندۆمێکی ئازاد و بیگەرد و گشتگیر کاردەکەین , ئەگەر ئەم پڕۆسەیە سەری نەگرت و بە ئاکام نەگەیشت هەوڵدەدەین بگەینە پارلەمان . هەرکاتێکیش لەگەلڕ لایەنە سەربەخۆخوازەکانی دیکە زۆرینەی کورسیەکانی پارلەمانمان مسۆگەر کرد , ئەوە لەیەکەمین هەنگاودا بڕیاری سەربەخۆیی باشوری کوردستان دەدەین و ئەو لکاندنە زۆرەکییە هەڵدەوەشێنینەوە کە بە پیلانی ئیمپریالیزم و کۆلۆنیالیزم , دژ بە خواست و بەژەوەندییەکانی کوردستانیان هاتۆتەئاراوە . لکاندنی هەرسیٚ ویلایەتی موسلڕ و بەغداد و بەسرە بەیەکەوە و , دروستکردنی دەوڵەتی عێراق بە سنووری ئێستایەوە, بەرژەوەندی هیچ لە نەتەوەکانی تێدانەبووە . دەستەڵاتدار و فەرمانڕەوایان ناچارکراوان تا لە ریگەی یەکێتی خاکی ئەو وڵاتە دەستکردەوە , بەرژەوەندی دەوڵەتانی زلهێز و بەرژەوەندخواز بپارێزن . بۆیە بە درێژایی مێژووی عێراق ئەوەی حوکمڕانی کردبێت , پەنای بۆ توندوو تیژی و تۆقاندن بردووە و بە ئاگروئاسن لەسەر کورسی دەستەڵات ماوەتەوە .

کوردستان نیشتیمانێکی بەزۆر لکێنراوی دەوڵەتانی ناوچەکەیە . لە رووی ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە کراوەتە پاشکۆی ناوەندە سەردەستەکان . بەمەش کێشە و گرفتێکی گەورە لە نێو هەناوی رۆژهەڵاتی ناوەراست دروستکراوە , تا ریگە بە گەلی کوردستان نەدرێت ئازادانە بڕیار لە چارەنووسی خۆی و نیشتیمانەکەی بدات , رۆژهەڵاتی ناڤین ئاشتی و ئارامی و ئاسوودەیی بە خۆیەوە نابینێت . ئەمرۆ سیٚ هەڕەشەی گەورە لەبەردەم ئیرادەی سەربەخۆیی قوتکراونەتەوە .

لایەنە کۆنەپاریز و سازشکارەکانی نێوەخۆ , دەستەڵاتدارانی نەتەوەی سەردەست و , قەیدوبەندی دەوڵەتە بەرژەوەندخوازەکان ئەو سیٚ هەڕەشەیەن , بۆ کۆتاکردنی ئەو سیٚ هەڕەشەیە دەبیٚ لیکۆڵینەوەی ورد و لیزانانەیان بۆ بکرێت . بۆ سڕینەوەی هەڕەشەکان گەرەکە شێلگیر و لێبڕاوانە پیشەنگایەتی ململانیٚ سیاسی و پڕۆسەی پیسەڵماندن و تامیکردنی بەرژەوەندخوازان , بکرێت .

زۆرجاران دەبیسین کە دەڵێن :( سەربەخۆیی و پیکهێنانی دەوڵەت : خەونە , خەیاڵە , زەحمەتە , ناکریٚ , ریگە نادەن , لەبەرژەوەندی نەتەوەکەمان دانییە ) . ئێمەش دەڵێین : ( گەلی کوردستان هیچی لە گەل و نەتەوەکانی دیکە کەمتر نییە . ئەوەی بۆ گەلان رەوایە , دەبیٚ بۆ گەلی کوردستانیش رەوا بێت ) . ئێمە دەڵێین : ( هیچ شتیٚ نییە کە هەر نەکریٚ و مەحاڵ بێت . شتەکان ئاسان و گران و قورسیان هەیە . ئەگەر شانبدرێتە بەر کاری قورس , ئەگەر تواناو ماندووبوونی بۆ تەرخان بکرێت , گران و زەحمەت و

قورسەکەش ئاسان دەبیَ و, ئەنجام دەدریَ . ئەگەر مرۆڤ بە راستی بیەویَ کاریَ بکات , لە گران و زەحمەت ناترسیَ و دەکاریَ بەمەرامی خۆی بگات .ئەگەر گەل یەکگرتوو بێت و بەیەک شەپۆل بێتە مەیدانەوە شێوازەکانی کۆت و زنجیری دیلیەتی دەپسیَ و بە لووتکەی رزگاری و سەربەستی دەگات ) .

## کۆمەڵگەی بەختەوەر

بۆ ئەوەی کۆمەڵگەیەکی بەختەوەر بنیات بنرێت , دەبیَ پێناسەی مرۆڤ وەک خۆی راڤە بکرێت . مرۆڤ بوونەوەرێکی زیندووی کۆمەڵایەتی خاوەن بەرنامەیەکی ئابوری و کۆمەڵایەتی و سیاسییە , لەهەمان کاتیشدا بەهاترین سەرمایەی سەر گۆی زەوییە , مافی خۆیەتی ئاسوودە و بەختەوەر و یەکسان و دوور لە شەڕ و ئاژاوەدا بژیت . پێویستە سیستەمی ئابوری و سیاسی لە پێناو ئاسوودەیی بخرێتەگەڕ .
کۆمەڵگە یەکەیەکی خێزانی فراوانە , بۆ یەکسانکردنی تاکەکانی خێزان و کۆمەلڕ , دەبیَ جیاوازییە چینایەتییەکان بسڕێنەوە و کارکردن بە شێوەیەکی ژیرانە دابەشبکرێتەوە . کار و ژیان بو لاوان دەستبەر و مسۆگەر بێت و , خزمەتگوزاری و چاودێریش بۆ پیرو پەککەوتوان دابین بکرێت . ئەمەش تەنیا بە گێرانەوەی بەها مرۆییەکان و پیڕۆکردنی دیموکراسی دێتە ئاراوە . بۆ بنیاتنانی کۆمەڵکی بەختەوەر دەبیَ لێدان و ئەشکەنجەدان و دەستدرێژی سێکسی و توندوتیژی لەسەر ژنان نەمێنیَ و ریشەکێش بکریَ . بە توندکردن و قورسکردنی سزاکان دەتوانرێت رێگە لە شێوازەکانی ئەشکەنجەو ئازاردانی ژن و مندالڕ بگیرێت . دەبیَ دەستوورێکی تۆکمەو گشتگیر بۆ بەرابەری و یەکسانکردنی مرۆڤەکان دابڕێژرێت .
لە کۆمەڵگەی بەختەوەردا مافی مرۆڤ پارێزراو دەبیَ و گەل و نەتەوەکان هاوماف و ئازاد و یەکسان دەبن . سوکایەتی کردن بە مرۆڤ و نەتەوەکان , سووکایەتی کردنە بە نرخ و چەمکی مرۆڤایەتی و شاڵاوێکی ئاشکرای لەژێر پێنانی بنەماکانی ئازادی و یەکسانی و دیموکراسییە . حزبی ئێمە بە توندی دژایەتی سیاسیەتی رەگەزپەرستی و دەمارگیری نەتەوەیی دەکات . حزب قەبولڕ ناکات نەتەوەکانی دیکە سووکایەتی بە نەتەوەی کورد بکەن و بیچەوسێننەوە , لە هەمان کاتیشدا رێگە نادات مرۆڤی کوردستانی بە چاوی سوک و بێڕێزی لە نەتەوەکانی دیکە بڕوانیَ و داگیریان بکات و بیانچەوسێنێتەوە . گەل و نەتەوەکان هەموویان وەک یەکن , هیچیان لە هیچیان باڵاتر و پیرۆزتر و هەڵکشاوو هەڵبژێردراوتر نین . حزب دژایەتی هەر چەشنە کردەوە و سیاسەتێکی رەگەزپەرستانە و خۆ بەزلزانین دەکات .
لەپێناو بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی پتەو و خۆڕاگر . حزبی ئێمە دەیەویَ پێشەنگایەتی بزاڤی رزگاریخوازی کوردستان بکات و هێڵی خۆی لە رامان و بۆچوونە دەقگرتووەکان جودا بکاتەوە و گەرەکیەتی خۆشەویستی لەنێوان مرۆڤەکان گەورەو بەهادارتر بکات . دەخوازیَ کۆمەڵگەیەکی بەختەوەر و خۆڕاگر لە بواری کۆمەڵایەتی و ئابوری و سیاسی و شارستانی دروست بکریَ , ئەم کارەش بەو مەرجە دێتە ئاراوە کە مرۆڤەکان خاوەن دەستەڵاتی راستینی خۆیان بن و ئازاد و بوێرانە بەرپرسیارێتی لە ئەستۆ بگرن . گەرەکە ژن و پیاو لە ئەرک و ماف و هەلی کارکردندا بەرابەر و یەکسان بن .
حزب دەخوازیَ چیتر لە پشت پەردەی ژوورە داخراوەکان و لە لایەن چەند کەس و حزبێکەوە بڕیار لە چارەنووسی گەل و نیشتیمان نەدریـێت . گەل بۆ خۆی بڕیار لە چارەنووس و ژیانی داهاتووی خۆی بدات . دەخوازین ئەو پەیمان و رێککەوتنە شاراوانە لە پەروەندە پێچراوەکان دەربهێنرێن و بخرێنە بەر دەســـــــت جەماوەر , بۆ ئەوەی هەمووان لە نەخشاندن و ئافراندنی کۆمەڵگەی بەختەوەردا بەشداربین .

## جیهانی باش

لەوەتەی مرۆڤ هەیە جیهانێکی باشی بەخۆیەوە نەدیووە . قۆناغەکانی کۆیلایەتی و دەرەبەگی و سەرمایەداری لە نابەرابەری و لە شەڕ و جەنگ و کوشتاری بە کۆمەلڕ و زەوتکردنی مافی مرۆڤ و کەمینەکان و نەتەوەژێردەست و داگیرکراوەکان , پڕاوپڕ بوون . بە درێژایی مێژوو یاسای دارستان پەیڕەو کراوە . بەهێزەکان , کەمهێز و لاوازانیان قوتداوە . فەرمانڕەوا و داراکان , هەژار و نەدارانیان چەوساندۆتەوە . بەرژەوەندخوازی بنەمای دۆستایەتی و هاوکاری و پێوەندی نێوان دەوڵەت و حوکمڕان

و هێزەکان بووە . لەشەڕی نێوان زلهێزەکان بە ملیۆنان مرۆڤ کراوەتە سووتەمەنی و, خواستی ملهوڕ و فەرمانڕەوایانی پێهەڵچنراوە .
سەرمایەدار و خاوەن کارگەکان درێژەیان بە چەوساندنەوەی کرێکاران داوەو بەرهەمی ڕەنجی ئەوانیان ماشیوەتەوە . تا ئەمڕۆکەش زۆرێک لە گەل و نەتەوەکان بە داگیرکراوی هێڵراونەتەوە . تا ئێساکەش بە ملیۆنان مرۆڤی برسی لەسەر گۆی زەویدا هەن و بە کولەمەرگی دەژین . بە ملیۆنان خێزانی بێخانوو هەن , بە ملیۆنان مرۆڤ ناچار دەکرێن درێژە بە لەشفرۆشی و بازرگانی جەستەیی بدەن .
ئەگەرچی ئەمڕۆ قۆناغێکی نوێ هاتۆتە پێش و شۆڕشی تەکنەلۆژیا بە ئاستێکی باڵا گەیشتووە و سەردەمی بە جیهانیکردن و زانیاری تەکنەلۆژیاو ئینتەرنێتە , بەڵام نەتوانراوە هەژاری و برسێتی و گرفتەکانی نەتەوەیی و چینایەتی بنبڕ بکرێن . لە پێناو گەیشـــــــتن بە جیهانێکی باش دەبێ بە کردەوە مافی بڕیاردانی گەلان پەیڕەو بکرێ . هەژاری و نەداری ریشەکێش بکرێ و یەکسانی و بەرابەری جێگەیان بگرێتەوە .
پێویستە بە خێرایی بازرگانی نێودەوڵەتی گەشەی پێبدرێت و هەمووان تێیدا سوودمەند بن , نابێ لەلایەن دەستە و حکومەت و وڵاتانەوە کۆنترۆڵ بکرێت . سەرمایەکانی ژێرزەوی بە یەکسانی بەسەر مرۆڤانی جیهان بە گوێرەی پێویستیان دابەش بکرێن . گەلانی دواکەوتوو , وڵاتانی هەژار و کەمدەرامەت لە تەکنەلۆژیا بەهرەمەند بکرێن . تاکەکانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی لانی کەم لە بارێکی ئابوری و بژێوی باشدابن و هەژاری و برسێتی نەمێنێت .
بۆ گەیشتن بە جیهانێکی باش , دەبێ قەرزە کەڵەکە بووەکانی وڵاتانی هەژارو کەمداهات پاکبکرێنەوە و بسڕێنەوە .زۆربەی داهاتی سەرچاوە سروشتیەکانی وڵاتانی جیهانی دواکەوتوو لە جیاتی قەرزی کەڵەکە بوو بۆ گیرفانی سەرمایەدار و کۆمپانیا فرە ڕەگەز و وڵاتە گەورەکان دەڕۆن . وایلێهاتووە کێرڤی دەرامەت لە کێرڤی سوودی قەرزەکان نزمتر بنوێنێ . بەم دۆخەوە ڕۆژ دوای ڕۆژ باری وڵاتانی نەدار قورس و گرانتر دەبێتەوە . بۆ ئەوەی وڵاتە هەژارو زیانلێدراوەکان ببووژێنەوە و گەشەی ئابوری و کۆمەڵایەتی بە خۆیانەوە ببینن دەبێ قەرزەکانیان لەسەر لابچێ و باروبووش بکرێن . سامان و دەرامەتەکانیان بۆ خۆیان بێ و لە پێناو پێشخستنی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و تەکنەلۆژی و پیشەسازی خزمەتگوزاری بەکار بهێنرێن .دەبێ بازرگانی چەک کە لە ژێر ناوی بەرگرییەوە پەرەی گرتووە , رابگیرێت . دەبێ تەواوی کارخانەکانی چەکسازی و کورەی هێزی ئەتۆمی بۆ کارگەی بەرهەمهێنانی خۆراک و خزمەتگوزاری بگۆڕدرێن .
فەرمانڕەوا دیکتاتۆرەکان بە حوکمی هێزی چەکەکانیان و بە پاڵپشتی وڵاتانی سەرمایەداری درێژە بە دەستەڵاتی خۆیان دەدەن . ئەگەر چەک و تفاقی کوشتاری بە کۆمەڵ نەمێنێ , میللەتان ئاسانتر و خێراتر سەروەری خۆیان بەدەست دێننەوە زوتریش لە دیکتاتۆر و ملهوڕان رزگارییان دەبێ . لە هەمان کاتدا دیموکراتیزەکرن و داهێنان خێراتر بەرەو پێشەوە دەچن . دەیەی ڕابردوو گەواهی ئەو ڕاستیەی دا , هەر کاتێ ترس و تۆقاندنی دیکتاتۆری نەمێنێ , گەلان رزگاریان دەبێ و سەربەخۆیی خۆیان بەدەست دێننەوە و دەوڵەتی نەتەوەیی دادەمەزرێنن و دیموکراسیش لە دەوڵەتی نەتەوەییدا خێرا و باشتر گەشە دەکات .
بەکورتی مەرجی گەیشتن بە جیهانی باش خۆی لەم هەنگاوانە دەبینێتەوە :-

- گێڕانەوەی کەسایەتی بۆ گەلانی ژێردەست و , سەروەری بۆ نیشتیمانە داگیرکراوەکان .
- لێکتریکردنەوەی جیاوازییە چینایەتییەکان و پێکهێنانی یەکسانی و بەرابەری .
- دابەشکردنی سەرمایە و سامانی نیشتیمانی بە یەکسانی ( هەرکەسە بە گوێرە پێویست ) بەسەر تاکەکانی کۆمەڵ .
- پەیداکردنی کار بۆ هەمووان و مسۆگەرکردنی ئاسوودەیی و بەختەوەری وەکهەڤ .
- ڕەخساندنی بوارو زەمینەی داهێنان بۆ هەمووان و بەهرەمەندکردنی مرۆڤایەتی لە تازەترین داهێنان و دەستکەوتەکانی تەکنەلۆژیای خزمەتگوزاری .
- ریشەکێشکردنی تیرۆر و هزرە پاشڤەڕۆ و داتەپیوەکان .

- گەشە و پێشخستنی فەرهەنگ و کلتوری گەلانی دواکەوتوو .
- کارکردن بۆپاراستنی ژینگە و دەرهاویشتنی هاوکێشە زیانبەخشەکان و گۆشکردنی جەماوەر بۆ پاراستن و پاکڕاگرتنی ژینگە .
- پاککردنەوەی قەرزە کەڵەکە بووەکانی وڵاتانی نەدار و باروبوو کردنیان .
- گۆڕینی کارگە و کارخانەکانی چەکسازی بۆ بەرهەمهێنانی کەل وپەل و شێوازەکانی خزمەتگوزاری و لەشساغی .

## بە کورتی روانگەی خۆمان بۆ ئەم دێڕانە کورت دەکەینەوە :-

١ هاوهەنگی لەگەلڕ مرۆڤەکان و لایەنە سیاسیەکانی کوردستان بۆ گەیشتن بە سەربەخۆیی و دیموکراسی و دادیکۆمەڵایەتی و ئافراندنی کۆمەڵگەیەکی بەختەوەر .
٢ هاوهەنگی و هاودەردی لەگەلڕ پارچەکانی دیکەی نیشتیمان بۆ رزگاری و سەربەخۆیی .
٣ هاوهەنگی و هاودەردی لەگەلڕ بزاڤی رزگاریخوازی گەلانی بندەست و ستەملێکراو , بۆ گەیشتن بە ئازادی و بەدەستهێنانی مافەکانیان .
٤ هاوهەنگی و هاودەردی لەگەلڕ رێکخراوە پێشڤەرۆکانی جیهان , بۆ گەیشتن بە جیهانێکی ئارام و دوور لە جەنگ و بێبەری لە چەکی کۆکوژی .
٥ هاوهەنگی و هاودەردی لەگەلڕ لایەنە چەپ و یەکسانیخوازەکانی وڵاتان , بۆ گەیشتن بە جیهانێکی باش و بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی بەختەوەر .

## رەوشی باشوری کوردستان

ململانێی نارەوای حزبایەتی گورزێکی کاریگەری لە پەیکەری دەستکەوتەکانی راپەرینی بەهاری 1991 داو بەرەو بچوککردنەوە و کەمنرخی پەلکێشی کرد و ئاکامێکی نابەجێ و ئیفلیجی لێکەوتەوە .
لە 13 ساڵ رابردوو , لەبەر خەریک بوون بە کێشە و شەڕە نێوخۆییەکان نەتوانرا هەنگاوی پێویست و بەبڕشت و بەرهەمدار بهاوێژرێن . نە توانرا شوێن پێیەکی قایم و ئومێدبەخشی ئەوتۆ تۆمار بکرێ کە بکارێ ترس و گومان و نیگەرانی برەوێنێتەوە .
دەتوانرێ بگوترێ لەپەنای بەرژەوەندی حزبایەتییەوە هەندێ هەنگاوی مێروولەیی بەرەو پێشکەوتنی کوردەواری هەڵگیراوەتەوە ( ئەمە خاسیەتی گۆڕانکاری سەردەمە و بە خۆهەڵکێشان و خزمەتگوزاری لێکنادرێتەوە ). تێکڕای دەرفەتەکان بۆ بەرژەوەندی حزب قۆرخ کراون و سەروەری و پیرۆزی حزبیان پێ

سەرپشک و پرشنگدار کراوە . دوو لایەنە دەستەڵاتدارەکەی باشور لە زۆربەی ئاکام و دەرهاویشتەکانی ئەو قۆناغە بەرپرسیارن , بەڵام سەرجەم لایەنە سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و پیشەییەکان و کەسایەتییە رووناکبیر و سەربەخۆخوازەکانیش کاریگەری نەرێنیان لەسەر رەوتی رووداوەکاندا هەبووە و هەریەکەیان بە رێژەیەک تێیدا بەرپرسیارن .

لە 13 ساڵی رابردوو , دەرفەتە زێرینەکان لە دەست دران و قوربانی بەرژەوەندی تەسکی حزبایەتی و کەسایەتی و خۆپەرستی کراون . لە باتی پرس و راوێژ بە خەڵکی کوردستان و پارتەکانی دەرەوەی دەستەڵات بکرێ , پەنا بۆ هێزە هەرێمیە ناحەزەکان بردراوە . پارلەمانی هەڵبژێردراوی کوردستان لە هەمووان زیاتر بەرپرسیارێتی لەباربردنی دەستکەوت و دەرفەتەکان لە ئەستۆ دەگرێ . تەنیا ساڵێک وەک پارلەمان کاری کرد , دواتر بەسەر دوو سەنگەری شەڕی نێوەخۆ دابەشبوو . لە لیستی حزبییەوە بۆ کۆمیتەی حزبی گۆڕدرا . تەنانەت لەبەرامبەر لێسەندنەوەی سەروەری و بڕیارەکانی خۆیشی دەنگی لێوە نەهاتووە . پارلەمانی کوردستان رەوایەتی و بوێری خۆی و کوردستانیانی لەکەدار کرد, ئامادەنەبوو رەخنە لە رەفتار و کردەوەی دەستەڵاتداران بگرێ . بەمەش ئارەزوومەندانە دەستەڵاتی بە سەرکردایەتی حزبەکان سپاردەوە و سازشی بۆ حزب کرد و خۆی پوکاندەوە . ئەگەر پارلەمانی کوردستان رێزی لە ســــــەروەری و پیرۆزی خۆی و دەنگی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بگرتبوایە , دەیتوانی سنوورێک بۆ سەرکێشی و لە خۆبایی حزبەکان بگرێ . ئەگەر پارلەمان وەک نوێنەری گەل و نیشتیمانێک رەفتاری بکردبوایە و هەڵوێستی وەربگرتبوایە , گومانی تێدا نییە کە رەوشەکە بەو جێیە نەدەگەیشت و ئەمڕۆش ئاسۆیەکی پرشنگدارتر لەبەردەم کوردستانیان دا دەکرایەوە .

حزبەکانی کوردستان بۆ بەهێزکردنی خۆیان و پاراستنی بەرژەوەندی تەسکی حزبایەتی پەنایان بۆ شێوازە نارەواکانیش برد و کارەساتی گەورەیان بەسەر خەڵکی کوردستان هێنا . هەزاران رۆڵەی تێکۆشەر بە خۆڕایی لە گەرەکانی شەڕی نێوەخۆ , بەتایبەتیش بۆ کۆنترۆڵکردنی کڵاو قاسم و کەپکی حەمەد ئاغا و شاخەسوور وسەفین و داناز و شوێنەکانی دیکە بە کوشتدران . سوپای داگیرکەر هێنرایە مەیدان و پشتی بێ بەسترا . ئەگەر لەباتی خۆ خەریککردن بەو شەڕانەوە , خۆ بە خزمەتکردن و ئاوادانکردنەوە و بژێوی خەڵک خەریک بکرابووایە , ئەمڕۆ نیشتیمان و مێژوویەکی جیاوازترمان دەبوو . ئەگەر بەرچاو تەنگی حزبایەتی رێگەکانی کۆنترۆڵ نەکردبوایە ئەمڕۆ لە قۆناغ و سەردەمێکی دیکەدا دەژیاین .

راستە دوژمن و داگیرکەر و حکومەتەکانی ناوچەکە لە دژایەتیکردنی کوردستانی ئازاد درێغیان نەکردووە و بەردەوام بۆ لەباربردنی پارلەمان و حکومەتی هەرێم درێژەیان بە پیلان دارشتن و ئاژاوەنانەوە داوە و لێبڕاوانە تێکۆشاون , بەڵام ئەوجارەیان کورد بۆخۆی لەرێگەی حزبەکانیەوە هۆشیارانە پیلانەکانی ئەوانی بەرێوە بردووە و دەستکەوتەکانی شێواندووە و هەنگاوەکانی بەرەو دواوە گێڕاوەتەوە و دەرفەتەکانی لە ژێر پێ ناوە .

ئەگەر دوای ئاگربڕ و واژۆکردنی رێککەوتنی واشنتۆن , لێبردوویی هەبوایە و حکومەتێکی یەکگرتوو پێکبهێنرابوایە , دیسانەوە هەنگاوی باشتر دەهاوێژراو ئاکامی باشتری لێدەکەوتەوە . دوای ئەو هەموو نەهامەتییە دیزە بە دەرخۆنە کراو حزب سەرپشک کرایەوە . ئێستاش تاوانبارو تاوانلێکراو لەیەکتر جیانەکرانەوە . ئێستاش ئەوانە* گلدرابوونەوە بۆ خەزێنەی حکومەت نەگێڕدرانەوە . ئێستاش چارەنووسی بزرکراوان ئاشکرا نەکران .

ئایا کێ بەپرسیارە لە خوێنی ئەو هەموو کوژراوو قوربانییە ؟؟. ئایا کێ بەرپرسیارە لە دواخستنی رەوشی بەرەو پێشەوەچوونی کاروانی کوردایەتی ؟؟. ئایا کێ بەپرسیارە لە پێشاندانی ئەو سیمایە نا شارستانیەی کوردستانیان ؟؟.

روبارێک خوێن هەڵبەسترا . نیشتیمانێک کۆت و زنجیر کرایەوە . گەلێک لە ژێر هەڕەشە و گەمارۆی ئابوری و ژیان دانرا . ماف و خواستی میللەتێک کرایە بەردەبازی ئارەزووەکانی حزب و لێیان نەپێچرایەوە . کەچی ئەمڕۆ کەس نازانێ کێ تاوانبارەو کێ تاوانلێکراوە !!. ئەمڕۆش کەسێ ناتوانێ پەنجەیان بۆ درێژ بکات و بپرسێ ئەرێ کەی تاوانبار و تاوانکاران دەدرێنە دادگای مێژوو !!. لە مێژووی کام نەتەوە و نیشتیمانێک بووە کە لێپرسینەوە لەگەڵر نەخشێنەرانی مێژوودا نەکرێت !!.

دەستەڵاتداران هەموو شتەکانیان بەدزی حزبەکانی دیکە و جەماوەرەوە ئەنجامدا . لەژووەرە

داخراوەکان بڕیاری شەڕیان داو ڕێککەوتن .. کەسانێک تۆمەتبارکران و پیرۆزییان بۆ گێڕدرایەوە . سوکایەتیان بەیەکتر کرد و یەکتریان لەباوەش گرتەوە .
دەگوترێ مێژووی گەلان بە دەستی خۆیان تۆمار دەکرێ , نەک بە ئارەزووی خۆیان . بەڵام مێژووی 13 ساڵی رابردوومان بە دەستی خۆمان و بە ئارەزووی رەهای خۆمانەوە ئەتک و تۆمارکرا .
ئەگەر حزبایەتی شێوازێکە بۆ گەیشتن بە ئارمانجی چین و توێژ و گەلێک , ئەی بۆ لە وڵاتی ئێمەدا چین و توێژ و گەل و نیشتیمانێک قوربانی حزب کراون !!. ئەگەر ئارمانج خزمەتکردنی گەل و نیشتیمان بێ , بۆچی ئەو هەموو نەهامەتیانەیان بۆ هێنرا!!. کێ باجی رەفتار و هەڵە و تاوانی شەڕە نێوخۆییەکانی داوە ؟!!.
لەسێبەر شەڕی نێوەخۆ , کوردستان پاوانکرا و حزبەکان خۆیان بەهێزکرد و سەرمایەیەکی بێئەژماریان کۆکردەوە , جەماوەریش بەرگەی برسیەتی و هەڕەشە و ترس و تۆقاندنی گرت و باجی سیاسەتی حزبی دا .
ئایا ئەوانەی لەچاوتروکانێکدا لەسایەی حزبەکاندا بوون بە داراو خاوەن موڵک و زەوی , مێژوو لێیان ناپرسێتەوە و پێیان ناڵێ :- ئەمانەتان لە کوێ هێنا ؟؟!!.
گەشەو ســـــــەرهەڵدانی چینی دارا و سەرمایەدارەکانی کوردستان هەموو رێســــــــایەکی تێپەڕاندووە . ئەگەر لۆتۆ ( یا نسیب )یشیان بۆ دەرچووبوایە , ئاوا بە خێرایی پێنەدەگەیشتن و ئاوا دەوڵەمەند نەدەبوون . لە ماوەی چەند ساڵێکا , نیشتیمانێک لەسەر ناوی حزب و سەرکردەکانی دابەش و تاپۆ کرا .ئەمڕۆ دەرفەت و بەخت و دەروازەیەک بۆ کەسانی نا حزبی نەماوەتەوە کە بازرگانی بکەن و خۆیان پێبگەیەنن , کەس نییە بتوانێ کێبەرکێ لەگەڵ داراکانی نێو حزبەکان بکات . هەرجۆرە پێشبڕکێیەک بە هەرەس و دۆڕان تەواو دەبێت .
12 ساڵ بەشێکی باشوری کوردستان ئازاد و رزگارکراو بوو , لەلایەن خودی کوردەوە بەڕێوە دەبردرا , کەچی ئەوەی دەبووایە بکرێ , نەکرا . ئەوەی دەشبووایە حەرام بێ و نەکرێ , کرا . بێگومان رەوش و گەشەی ناوچە رزگارکراوەکان لەگەڵ ناوچە داگیرکراوەکان بەراورد نەدەکراو ناکرێ , بەڵام مخابن وێنەیەکی ئەرێنی ئەوتۆ پێشان بە گەل و حکومەتەکانی ناوچەکە نەدرا کە پێشکەوتوویی و لێزانی کورد بگەیەنێت .
پرۆسەی ئازادکردنی عێراق لەلایەن هاوپەیمانانەوە دەرفەتێکی باشی لەبەردەم بەختی سیاسی کوردستان و کێشە رەواکەی کردەوە , بەڵام نەتوانرا بقۆزرێتەوە و بۆ بەرژەوەندی باڵای نیشتیمان دەکاربکرێ . پێشمەرگەی لایەنە دەستەڵاتدارەکان بەشدارییان لە شەڕکرد و هاوشانی هاوپەیمانان جەنگان . بەلام بەداخەوە سەرەتای راپەڕینی بەهاری 1991 دووپات کرایەوە . دزی و تاڵان و رفاندنی دەستکەوت , گەورەترین زیانی بە بزاڤی رزگاریخوازی گەلی کوردستان گەیاند . ژمارەیەک کەس تێیدا سوودمەند بوون , لەبەرانبەردا سیمای پێشمەرگە و نەتەوەی کورد لەکەدار کرا. دەستەڵاتداران نەک رێگەیان لێنەگرتن , بۆ خۆشیان پاساویان بۆ هێنانەوە . هەزاران ئۆتۆمۆبێلی تازە بابەت لە بارەگای حزبەکاندا شاردرانەوە . دەبوایە ئەو دەستکەوتانەی لە دامودەزگاکانی حکومەتی بەعس گیرابوون , یەکسەر بە دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بدرابووان .
ئەوە ساڵێک و شەش مانگیشە کە سەرتاپای باشوری کوردستان , کۆت و زنجیری دیلێتی لێ کراوەتەوە , بەڵام دیسانەوە نەتوانراوە کایەیەکی سەرکەوتوانە بەرێوەببرێت . لەگەڵ رووخانی سەدام , لەجیاتی سەنگەری کوردستانی بەهێزبکرێ , بەرەو بەغداد ( ناوەند ) تاو درا و داهاتووی هەرێم بەقەزاز و قەدەر سپێردرا . ئەگەر سەرکردایەتی سیاسی کورد, بەتایبەتیش 5 ئەندامە کوردەکەی ناو جڤاتی فەرمانڕەوایی کاتی عێراق , توانا و شیانی خۆیان بۆ دامەزراندنەوەی عێراق تەرخان نەکردبووایە , بێگومان ئەمڕۆ لەبەردەرگەی ئاواتەکانمان دا دەبووین .لە بەرهەمی کاری جڤاتی فەرمانڕەوایی کاتی عێراقدا دەتوانین ئاماژەی ئەرێنی بە داکۆکیەکەی بەڕێز مام جەلال , سەبارەت بە کوردستانێتی کەرکوک بکەین و بەس .
بە درێژایی 17 مانگی رابردوو تەنیا کارێک کە ئومێد بەخشانە کرابێت , بزاڤی راپرسی بووە .دروشمی ریفراندۆم یەکەمین جار لە ساڵی 1993 ەوە لەلایەن حزبی ئێمەوە هێنرایە نێو دروشمی بزاڤی رزگاریخوازی کوردستان , هەرچۆن ساڵی 1991 حزبی ئێمە یەکەمین لایەنی سیاسی کوردستان بوو کە

دروشمی فیدرالّی هیّنابووه نیّو خواستی بزاڤی رزگاریخوازی کوردستانەوە و سالّی 1992ش بەو دروشمەوە بەشداری لە هەلّبژاردنی پارلەمانی کوردستاندا کردبوو , ئەمجارەشیان ریفراندۆم , دروشم و خواست و داهیّنانی حزبی ئیّمەیە . دوو سالْ دوای حزبی ئیّمە , حزبی کۆمۆنیستی کریّکاری عیّراق بۆ ماوەیەک ئەو دروشمەی بەرزکردەوە و کاری بۆ کرد . بەلاّم کاتیّ بالاّی کرد و لەدەرگەی مالاّنی دا کە دەستەیەک رووناکبیر لە تەمموزی 2003 بانگیان بۆ هەلّداو لە دەورەیدا کۆبوونەوە . مخابن بزاڤی راپرسی قوربانی ململانیّی نارەوای حزبایەتی و دروشمبازی کراو خاوکرایەوە . ئەگەر سەرجەم حزبەکانی کوردستان و 5 ئەندامە کوردەکەی جڤاتی فەرمانرەوایی پشتیوانیان لەو بزاڤە بکردبووایە و خۆیان لیّ نەبان نەکردبوایە , گومانی تیّدا نییە کە ئەمریکاو هاوپەیمانان و ولاّتانی ئەوروپاش پشتیوانیان لیّدەکرد و حزبە عیّراقیەکانیش پیّوانەی زیاتریان بۆ کورد و داخوازییە رەواکانی دەکرد و باشتر لیّی نزیک دەبوونەوە .

کیّشەی هەرە گەورەی باشوری کوردستان ئەوەیە کە حزبەکان خۆیان بە میللەت زانیوە و لە جیاتی ئەوانەوە بیریان کردۆتەوە و بریاریان لە چارەنووسی گەل و نیشتیمان داوە و نەشیانتوانیوە لیّزان و شیاوتر یاریەکە بەریّوەببەن .

ئایا خەبات و تیّکۆشانی خەلّکی کوردستان بۆ دامەزراندنەوەی عیّراقی دریّژەی پیّدراوە , یان بۆ رزگاری گەل و سەربەخۆیی نیشتیمان ؟؟!!.ئایا ئەو خەباتە بۆ سەندنی ناسنامەی هاوولاّتیبوون لە چوارچیّوەی عیّراق بووە , یان بۆ سەندنی مافی نەتەوەیی و وەرگرتنەوەی ناسنانەی کوردستانی بوون ؟!!.

هەر لەگەلْ دروستبوونی عیّراق بەو سنوورەی ئیّستایەوە , عەرەب نەیتوانیوە نکۆلّی لە بوونی کورد و ناسنامەی نەتەوەیی بکات . هەمیشە لە دەستووەردا دان بە بوون و هاوبەشی کورد نراوە , بەلاّم سیاسەت و بەریّوەبردن بە شیّوازیّکی دیکە تاودراوە . کیّ لە بەغداد فەرمانرەوایی کردبیّت , هەولّی تواندنەوەی کورد و سرینەوەی کوردستانی داوە . ئەمجارەشیان لە یاسای بەریّوەبردنی دەولّەت کە جڤاتی فەرمانرەوایی کاتی عیّراق بریاری لیّداوە , ئاماژە بە حکومەتی هەریّمی کوردستان و عیّراقی فیدرالْ کراوە , بەلاّم لە کردەییدا هیچ دیار نییە و دوای هەلّبژاردنی پارلەمانی عیّراقیش کەس نازانیّ چۆن دەبیّت . داهاتوو پراوپرە لە گومان و چاوەروانی و ئومیّد . کەس ناتوانیّ پیّشبینییەکی راستین و هیوابەخش بۆ ئاینده بکات .

لانی کەم دەبووایە لەسەردامودەزگاکانی حکومەت لە بەغداد و نووسراوە رەسمییەکان و پاسەپۆرت و دراو بە زمانی کوردیش بنووسرابوایە .بەلاّم خۆبواردن لەو هەنگاوانە خاپاندنیّکی ئاشکرای لە پشتەوەیە .دواخستنی چارەنووسی کەرکوک و نەناردنەوەی عەرەبە هاوردەکان و نەگیّرانەوەی قەزاو ناحیە دابراوەکانی پاریّزگاکانی هەولیّر و کەرکوک , واتای خۆدزینەوە و خۆ نەبانکردن دەگەیەنیّ .

کورد کاتیّ دەتوانیّ داواکاری خۆی بسەپیّنیّ کە ریزەکانی نیّوەخۆی یەکگرتوو بییّت . کورد کاتیّ دەیتوانیّ سەنگایی خۆی کایە بکات کە حکومەت هەلّوەشابۆوە و سوپای ئەنفال قری تیّکەوتبوو .ئەگەر نەتەوەی سەردەست حکومەتی دامەزراندەوەو پیّوەندییە نیّودەولّەتییەکانی بوژاندەوە و سوپایەکی پر چەکی دروستکردەوە , ئایا بەهەمان زمانی ئیّستا باگۆی داخوازیەکانی کورد دەداتەوە ؟! . ئایا ئەو کاتە کورد دەتوانیّ سەنگایی خۆی لە چوارچیّوەی عیّراقدا کایە بکاتەوە ؟!. چ گرەنتی و زەمانەتیّک هەیە کە حکومەتی داهاتوو , هەمان سیاسەتی حکومەتەکانی پیّشوو دووپات ناکاتەوە !! . ئایا پشت بە بەلّیّن و پەیمانەکانی ئەمریکای بەرژەوەندخواز دەبەستریّت ؟!. چ گرەنتی هەیە کە دوایی ئەمریکا پشت لە گەلی کوردستان ناکات و چارەنووسی بە ناوەند گریّ ناداتەوە ؟!.

لەوەتەی بەپیلانی کۆلۆنیالیزم و زلهیّزانی جیهان , کوردستان لەتلەت و دابەشکراوە , لەوەتەی هەرسیّ ویلایەتی موسلْ و بەغداد و بەسرە بەیەکەوە گریّدراون , هەمیشە خۆزگە و ئاوات خوازراوە و دواتریش ئاهی پەشیمانی بۆ هەلّکیّشراوە . سەردەمی کۆماری زۆر توندتر وەلاّمی داخوازییە رەواکانی گەلی کوردستان دراوەتەوە . حکومەتی پاشایەتی یەکەم لە دووەم باشتربوو , پاشایەتی لە یەکەمین حکومەتی کۆماری باشتربوو. یەکەمین حکومەتی کۆماری لە دووەمین و, دووەمین لە سیّیەمین و , سیّیەمین لە چوارەمین و, چوارەمین لە پیّنجەمین باشتربوو . پیّنجەمین حکومەتی کۆماری کە سەدام حوسیّن سەرۆکایەتی دەکرد لە هەمووان درندانەتر و تاوانکارتر و رەگەزپەرستانەتر دریّژەی بە کوردقران و بەسووتماککردنی کوردستان دەدا . کیّ نالّیّ ئەگەر حکومەتی داهاتوو خۆی بگریّ هەمان

**سیاسەت پەیڕەو ناکات و خۆزگە بەوەی پێشوتر ناخوازین ؟!.**

راستە ئەم سەردەمە جیاوازی لەگەڵ سەردەمەکانی دیکەدا هەیە , گەلی کوردستان هەنگاوی باشی بەرەوپێشەوە هاویشتووە و دۆزی کوردستان لەدەرگەی رای گشتی وڵاتانی داوە و جیهان گۆڕانێکی بابەتی بەسەرداهاتووە . سەردەمی دیموکراسی و مافی مرۆڤ و ئینتەرنێتە .بەڵام نابێ لەبیرمان بچێ کە جیهان و وڵاتانی بڕیاربەدەست هەرهەموویان بەرژەوەندخوازن و لە روانگەی بەرەو پێشەوەبردنی بەرژەوەندیەکانی خۆیان بنەمای پێوەندیەکانیان دادەڕێژن . دەبێ کورد لەگەڵ ئەقڵی سەردەم رێبکات و داخوازی سەردەمانە بێنێتە زمان .

مەکەدۆنیا , کرواتیا , سلۆڤانیا , لیتوانیا و هەرزەگۆڤینیەکان توانیان سوود لە دەرفەت وەربگرن و دەوڵەتی ســــەربەخۆی خۆیان دابمەزرێنن . ئەریتیریەکان لە ریفراندۆمێکدا بڕیاری سەربەخۆیان داو وڵاتی خۆیان پێکهێنا . خەڵکی تەیمووری خاوەر خواستی راپرسیان کردە واقیع و دەوڵەتی خۆیان راگەیاند . کەچی حزبەکانی کوردستان نەک ئەو داوایە رەنگ پێنادەنەوە و پشتی بزاڤی راپرسی ناگرن , بەڵکو پاساوی جۆراوجۆر دەهێننەوەو جەماوەر لەو خواستە سارد دەکەنەوەو بەرەو بێهیوایی شۆڕی دەکەنەوە .

رەوشی سەرەتای راپەڕینی بەهاری 1991 لە رەوشی بەر لە رووخانی رژێم باشتربوو , هیواو ئاواتەکان گەورەتر و گەشاوەتر بوون . هەروەها کاتێ پڕۆسەی ئازادکردنی عێراق دەستی پێکرد و هێزی هاوپەیمانان هاتنە ناوچەکە رەوشەکە لە ئێستا هیوابەخشتر بوو .

12 ساڵ , کورد لە باشوری کوردستاندا بۆ خۆی خاوەنی خۆی و بەشێکی نیشتمانەکەی بوو, لەگەڵ رووخانی رژێمی بەعس بەرەو بەغداد گەڕایەوە . لە 30 حوزەیرانی 2004یشدا سەربەخۆیی و بڕیاری خۆی پێشکەش بە عێراقی هیواو ئاشتی کردەوە !!.

13 ساڵ و سێ مانگ خاوەنی خۆمان بووین , کەچی بە ئارەزووی رەهای خۆمانەوە دڵمان بە یەکێتی ئارەزوومەندانەی درۆزنانە و یەک لایەنانە خۆشکردەوە و بەرەو بەغداد رامان کردەوە و کۆنگرەی نیشتیمانی عێراقمان دامەزراندەوە و کار بۆ دەستبەکاربوونی پارلەمانێکی هەڵبژێردراوی عێراقیش دەکەین . ئێستا لە ئەنجوومەنی نیشتیمانی کاتی عێراق , ژمارەی کورد لە ژمارەی عەرەب کەمترە . لە پارلەمانی داهاتووشدا هەر ویست و بڕیاری عەرەبی زۆرینە , باڵادەست و زاڵ دەبێ . ئێستا عەرەبی عێراق یەکگرتوو نین و پەرتەوازەن , کەچی زۆرینەیان دژی فیدراڵین و خۆیان هەڵگرتووە لە پارلەمانی داهاتوودا مەسەلەکە یەکلایی بکەنەوە . ئەگەر بەیانی لە پارلەمانی داهاتوودا لەبەرانبەر خواستی فیدراڵی یەکیان گرت و هەڵیانوەشاندەوە , هەڵوێستی ئەو هێزە کوردیانەی کە باس لە یەکێتی خاکی عێراق دەکەن , چی دەبێت ؟!. خۆ ئەو کاتە نابێ بڵێین :- ئەوان فێڵیان لێکردین و بێ بەڵێن دەرچوون !؟.

بەر لە رووخانی رژێمی سەدام , هێزە ناحەز و نەیارەکانی بەعس دەهاتنە کوردستان و خۆیان دەگرتەوە , هاوکاری دەکران و بەڵێنیان بە کورد دەدا و پێشبڕکێیان لەسەر مافەکانی گەلی کوردستان دەکرد . بەڵام هەرکە گەیشتنەوە بەغداد بە قودرەتی قادر پشتیان لە سۆز و بەڵێنەکانیان کرد و لەبەرامبەر خواستی کورد هەڵقۆزینەوە . چەند رۆژێک یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتیان ئیمزا نەکرد و بۆ پرسی مەرجەع گەڕانەوە . دواتر گەورە مەرجەعی شیعە وایکرد کە نەتەوەیەکگرتووەکان لە بڕیاری 1456 ئاماژە بە یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت ( واتە فیدراڵی ) نەکات . ئێستا هەڵوێستی هێزە عەرەبیەکانی عێراق بەرانبەر بە کورد و خواستی گەلی کوردستان روون و جێگیر نییە . ئەگەر مەبەستیان سەلماندنی مافی گەلی کوردستان بێ , بۆچی چارەنووسی کەرکوک بە هەڵپەسێردراوی دەهێڵنەوە و ئامادەش نابن ناوچە دابڕاوەکانی هەولێر و کەرکوک بگێردرێنەوە بۆ سەر سنووری پێشوویان . بۆچی پێ لەسەر ئەوە دادەگرن کە عەرەبی هاوردە نەچێتەوە شوێنی پێشووی .

بۆ دووپات نەبوونەوەی ئەو مێژووە تاڵە , بۆ تێپەڕکردنی ئەو رەوشە گوماناوییە , دەبێ حزبە کوردستانیەکان لەبەرەیەکی یەکگرتوودا کۆببنەوە و پشتیوانی لە بزاڤی راپرسی بکەن و داوای جێگیرکردنی مافی بڕیاردانی گەلان لە دەستووری هەمیشەیی عێراقدا بکەن . کاتێکی زۆر لەبەردەم کوردستانیاندا نەماوە . ئێستا کاتی کێبەرکێ و راکرنە . هێزە دەمارگیرەکانی عەرەب خۆیان بەهێز دەکەنەوە و دەیانەوێ بە هێزیش دەستەڵات کۆنترولڕ بکەنەوە . ئەمرۆ حکومەتی کاتی لە بەشێک لە بڕیارەکانی جڤاتی فەرمانڕەوایی کاتی عێراق پەشیمان بۆتەوە و هەڵیاندەوەشێنێتەوە , تەنانەت ئامادە

نیه کێشەی عەرەبە هاوردەکانیش یەکلایی بکاتەوە . حکومەتی کاتی پشتگیری لەو عەرەبە هاوردانە دەکات کە رژێمی بەعس بەمەبەستی گۆڕینی دیمۆگرافیا لە شارەکانی کوردستاندا نیشتەجێی کردوون . هەروەها بەشێوەیەکی ناراستەوخۆ ریگری لە گەڕانەوەی ئاوارەو دەرکراوانی کورد و تورکمان بۆ سەر زێدی باب و باپیرانیان , دەکات . باشترین نموونەش کێشەی گوندی بەشیرە کە تا ئێســـــــتا یەکلایی نەکراوەتەوە .ئەی ئەگەر بەیانی پارلەمان هەڵبژێردرا و , عەرەبی دەمارگیریش تێیدا زۆرینە بوون , ئەو کاتە چ گرەنتی و زەمانەتێک بۆ ناردنەوەی عەرەبە هاوردەکان و گێڕانەوەی ئاوارە و راگوێزراوان هەیە ؟!.

بە گوێرەی بنەماکانی ئازادی و دیموکراسی , بە گوێرەی یاسای دەوڵەتی یەکگرتوو , هاوڵاتیان مافی خۆیانە شوێنی نیشتەجێبوون و ژیان هەڵبژێرن .بەو پێیەش لە چوارچێوەی سنووری عێراق , عەرەب ئازاد دەبێت لە شارەکانی کوردستاندا بژیت . واتە عەرەبە هاوردەکان مافیان دەبیٚ کە نەگەڕێنەوە ئەو شوێنانەی کە لێیانەوە هێنراون . کەواتە سیاسەتی بەعەرەبکردنی دەبێتە دیفاکتۆ و دیمۆگرافیای شارەکانی کوردستان دەگۆڕێت .

ئەگەر ئەمڕۆ دەرفەتی پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان نەبیٚ , وەک هەندیٚ سەرکردەو لایەنی سیاسی پاساوی بۆ دەهێننەوە , خۆ دەکریٚ دان بەوە دابنرێت کە عێراق لە دوو نیشتیمان پێکهاتووە و گەلانیش مافی بڕیاردانی چارەنووسیان هەیە . وەک ئاشکرایە ئەمڕۆ زۆرینەی حزبەکانی باشوری کوردستان دڵیان بە عێراقی فیدراڵ , عێراقی هیواو ئاشتی !! خۆشە و داوای سەربەخۆیی و پێکهێنانی دەوڵەت ناکەن و , کارو تێکۆشانی خۆیان بۆ عێراقێکی دیموکراسی پارلەمانی فیدراڵی چڕ کردۆتەوە , بەڵام لانی کەم خۆ دەبێت ئەو داوایانە بسەپێنن و بیکەن بە مەرجی مانەوە لە چوارچێوەی عێراقی هیواو ئاشتی !!.

١ دیاریکردن و ناساندن و دانپیانانی سنووری هەرێمی کوردستانی فیدراڵ .
٢ لە دەستووری هەمیشەیی دان بەوە دابنرێـت کە دەوڵەتی عێراق لە دوو نیشتمانی کوردستان و عێراقی عەرەبی پێکهاتووە و نەتەوەکانیش لە بڕیاردانی چارەنووسی خۆیان ئازادن .
٣ لانی کەم لە سوێندخواردنی ئەندامانی پارلەمانی کوردستان , بڕگەی پاراستنی یەکپارچەیی خاکی عێراق هەڵبگیرێت .

دەبیٚ وردبینانە بیر بکەینەوە . ئەگەر هەموومان عێراقین , چ جیاوازی لە نێوان ئەو عەرەبەی کە لە سەردەمی بەعس , کوردستانی بە سووتماک دەکرد و, شاڵاوی ئەنفال و کورد قرانی بەڕێوەدەبرد و , سەرپەرشتی راگوێزان و دەرکردنی کورد و, پڕۆسەی بە عەرەبکردنی دەکرد , لەگەڵ ئەو کوردەی کە دەست بەسەر ماڵ وکاشانی دادەگیرا و, خێزانەکەی شوێنبزر دەکراو , لەسەر کار دوور دەخرایەوە و, لە شوێنی باب و باپیرانی هەڵدەکەندرا , هەیە ؟!!.

رەوشی باشوری کوردستان لە پاشاگەردانی تێپەڕی کردووە . چارەنووس بە قەزاوقەدەر سپێردراوە . بۆ ئاسایی کردنەوەی باشوری کوردستان دەبیٚ لایەنە سیاسیەکانی کوردستان بە کردەیی ئاساییکردنەوەی پێوەندی نێوانیان بسەلمێنن و کاری هاوبەش درێژەپێبدەن , گەرەکە جەماوەر بێتە مەیدان و لە قوربانیدان و تێکۆشان سلڕ نەکاتەوە و مافی دەنگدانی خۆی بەکاربهێنێت . دەبیٚ دان بەو راستییە دابنێین کە سیاسەتی بزاڤی کوردایەتی , بەتایبەتیش سیاسەتی دەستەڵاتداران لە بازنەیەکی داخراوی ناکام سوڕاوەتەوە و نەیتوانیوە یاخود نەیویستوە هەنگاوی بەرەو پێشەوە بهاوێژێـت . لەتکردنی حکومەتی هەرێم و پەکخستنی پارلەمان و درێژکردنەوەی تەمەنی پارلەمان بۆ 12 ساڵ کە لەلایەن دەستەڵاتدارانەوە ئەنجامدراون , بیانۆیەکی باشی بە ناحەز و داگیرکەرانی کوردستان داوە و ئەوانی پشت ئەستوور کردۆتەوە کە لەم قۆناغەدا خواستی کورد لەوەی هەیە تێپەڕ ناکات .ئەگەر بەر لە رووخانی رژێم هەردوو ئیدارەکەی سلێمانی و هەولێر یەکبخرابوانەوە دەستکەوتی گەورەترمان دەبوو . ئەگەر بەر لە داڕشتنی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت ئەو پڕۆسەیە بە ئاکام بگەیشتبوایە هەر باشتربوو .ئەگەر بەر لە دامەزراندنی حکومەتی کاتی عێراق و ئەنجوومەنی نیشتیمانی کاتی عێراق ئەو یەکخستنەوەیە بکرابوایە دیسانەوە هەر باش بوو . بەڵام ئەمڕۆ یەکنەخستنەوەی هەردوو ئیدارەکە کۆتێکە و لە گەردەنی گەل و نیشتیمان کراوە , مەگەر هەڵبژاردنی داهاتوو لێی بکاتەوە .

خواست و مافەکانی گەلی کوردستان دیفاکتۆیەکە و لەلایەن هیچ کەس و لایەنێکەوە ناتوانرێت

رەتبکرێتەوە , بەڵام لەبەر هاوێری و پەرتەوازەیی کورد نەیتوانیوە ماف و داخوازیەکانی خۆی راشکاوانەتر بخاتە روو . نەیتوانیوە وەک هەیە داکۆکی لە ویست و داخوازیە نەتەوەییەکانی خۆی بکات . چونکە بەر لەهەموو شتێ بە کورد گوتراوە :- ( برۆن ناکۆکیەکانی نێوەخۆتان چارەسەر بکەن و ئیدارەکانی خۆتان یەکبخەنەوە , یەک گوتاری سیاسی هاوبەش بێننە رۆژەڤەوە ئەوسا وەرنەوە مەیدان و خواستەکانی خۆتان بخەنەروو. بە کورد گوتراوە ئەگەر سەنگەری نێوەخۆتان پتەو و بەهێز بێت دەتوانن شێلگیرانەتر پێ لەسەر ماف و خواستەکانتان دابگرن و دۆست و هاوسۆزی زیاتریش بۆ کێشەکەتان پەیدا بکەن ) .

ئەگەر دوژمن و ناحەزان لە هەموو ئەو مەرگەسات و رووداوانەی کەبەسەر گەل و نیشتیمانەکەمان داهاتوون بەپرسیاربن ,ئەوە لەیەکنەخستنەوەی هەردوو ئیدارەکە و هاوێرکردنی ریزەکانی بزاڤی کوردایەتی , لایەنە دەستەڵاتدارەکانی باشور بەرپرسیارن . لەیەکنەخستنی گوتارێکی سیاسی هاوبەش تەواوی لایەنە سیاسیەکان بەپرسیارن و ناشتوانن پاساوی بۆ بهێننەوە و وەڵامی بدەنەوە . مخابن بەرژەوەندی تەسکی حزبایەتی ریگەی لە زۆر هەنگاوی سوودبەخش و خزمەتگوزار گرتووە . دۆست و دوژمن پەییان بەو راستییە بردووەو بەو زمانە لەگەلر کورد دواون و رەفتاریان لەتەکدا کردووە . کاتێک گوشار و نارەزایەتی دەرەکی چڕ کراوەتەوە , لایەنە بەشەڕچووەکان بەرەو ئاشتی و ئاسایی کردنەوەی پێوەندیەکانیان هەنگاویان هەڵگرتۆتەوە و بەپەلەش بەرەو یەکخستنەوە رۆیشتوون , بەڵام کاتی گوشارە دەرەکیەکان خاوبۆتەوە , ئەوانیش خەمساردیان لێکردووەو کێشەی لاوەکیان هێناوەتە ئاراوە . دەستەڵاتدارانی باشور بە پێداگرتن لەسەر دوو ئیدارەیی , قەیران و تەنگژەیەکی بێوێنەیان بۆ ئێستا و بۆ حکومەتی داهاتوو پێکهێناوە و ئەگەری سەرکەوتنیان بەرەو لاوازی بردووە . بە داخەوە نەک هەردوو ئیدارەکە یەکنەخراوەتەوە , بەڵکو تەلەفۆنی نێوان شارەکانیش بەیەکەوە نەبەستراونەتەوە . ئێستا شەڕی کۆرەک تەلەکۆم و ئاسیاسێل جیگەی شەڕی چەکداری گرتۆتەوە . کۆمەڵگەی کوردەواری لە کۆمەڵگەیەکی بەرهەمهێنەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی مشەخۆر گۆڕدراوە . هەڵاوسانێکی ئاشکرا بە دامودەزگا و ئیدارەکانەوە دیارە . بە لێشاو ئەندام و لایەنگرانی حزب دادەمەزرێندرێن و موچەیان پێدەدرێت . ئەو کارانە بە هەرمەبەستێکەوە کرابن , لە داهاتوودا تەنگژەیەکی راستین دێننە ئاراوە . لە هەندێ شوێن ژمارەی پاسەوان و پاککەرەوان لە ژمارەی کارمەند و کاربەدەستان زۆرترن . لە زۆربەی بەرێوەبەرایەتیەکاندا , کارمەند و فەرمانبەری بێکار و بێجێگە هەن . خەریکە زۆرینەی خەڵک لە پۆلیس و پاسەوانی سنوور و بەرگری نیشتیمانی ناونووس دەکرێن . ئەگەر پرسیار لە ئیدارەکان بکرێ , دەڵێن : ( دەمانەوێ موچە بە خەڵکی بێکار و نەدار بدەین و لە برسێتی رزگاریان بکەین ). ئەوان خۆیان دان بەوە دادانێن کە هەڵاوسانێکی گەورە هاتۆتە ئاراوە . لە راستیدا ئارمانج تێرکردنی خەڵکی برسی نییە , ئارماج زۆرکردنی دۆست و لایەنگرو دەنگدەرە , ئەگەرنا بۆچی بەبێ پاڵپشتی لایەنەکان تاکە کەسێک دانامەزریندرێت ؟!.

لەلایەکی دیکەشەوە دیاردەی زۆری بارەگا هەموو یاسا و رێسایەکی تێپەڕاندووە . سیمای شارەکان لە سەربازگە و قامی شەڕ دەچن . بەمەش قەیرانی نیشتەجێبوون بە ئاشکرا خوڵقێندراوە . لە کام وڵات و دەوڵەتدا هەیە کە تەنیا حزبێک بە دەیان بارەگای جۆراوجۆری لە نێو تاکە شارێکدا هەبێت ؟!. ئایا کار و تێکۆشانی ئەو بارەگایانە چین ؟!. ئایا بەو شێوازەوە هەنگاوی بەرەو شارستانی بوون هەڵدەگیرێتەوە و کۆمەڵگەی ژیاری و مەدەنی دروست دەکریـێت ؟!. هەموو لایەک دەزانن ئەو هەموو بارەگایە زیادەن و بواری داهێنان و بەرهەمهێنان و خزمەتکردن بەرتەسک دەکەنەوە و خەڵک بەرەو تەمبەڵی و تەوەزلی دەبات , بەڵام لەنێوان بەرژەوەندی حزب و بەرژەوەندی باڵای گەل و نیشتیمان دا, بەرژەوەندی حزب سەرپشک دەکیرێت و شێلگیرانە و لێبراوانە کاری بۆ دەکرێت .

بۆ پێشخستنی کۆمەڵگەی کوردەواری و بنیاتنانی کۆمەڵگەی شارستانی , دەبێ حزبەکان لە خۆیانەوە دەست پێ بکەن و لە هەنگاوی یەکەمدا رێژەی بارەگاکانیان لە نێو شارەکاندا کەمبکەنەوە و بەرەو ژیانی حزبایەتی هاوچەرخانە هەنگاو هەڵبگرنەوە . دەبێ ئەو ئەندامانەی حزب کە دەبنە دەستەڵاتدار جیاوازی لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵردا نەکەن و دامودەزگاکانی حکومەت لە بارەگای حزبییەوە بگۆڕن بۆ دامودەزگای میللەت . واتە نابێ لە دامودەزگاو بەرێوەبەرایەتیەکاندا حزبایەتی ســـەرپشک بکرێ و, نابێ کەس بە پاڵپشتی حزب دابمەزرێت .با دامەزراندن لە دامودەزگاکانی حکومەت بە بڕوانامە و

لێهاتووی و شارەزایی بێت . با وەرگرتن لە زانکۆ و پەیمانگاو قۆناغەکانی خوێندنی بالا بە نمرە وتوانا بێت , نەک بە پالپشتی و خواست حزب
بۆ تێپەڕکردنی ئەو رەوشە و راستکردنەوەی ئەو لاسەنگییەی کە ئەمڕۆ بۆ باشوری کوردســــتان وەبەرهەم هاتووە , حزبی رزگاریی کوردســـــتان خوازیاری هاوکاری و هاوهەنگی زیاتری نێوان لایەنە سیاسیەکانی کوردستانە . پرس و راوێژی نێوان لایەنە سیاسیەکان , دەلیڤەی باشتر دەرەخسێنیْ و ریگەچارەی گونجاوتر دێنێتەوە پێشەوە . یەکگرتوویی لایەنەسیاسیەکان و هاوکاریکردن لەگەلْ جەماوەر لە توانای دا هەیە شارەکانی کەرکوک و موسلْ و خانەقین و شنگال بۆ باوەشی کوردستان بگێرێتەوە .پێویستە لەم قۆناغە ناسکەدا یەکریز ویەکدەنگ و یەک لیست بین . پێویستە کاری شێلگیر و کردەیی بۆ گەڕانەوەی ئاوارەکان دەست پێبکرێت . ئەگەر ئاوارە و دەرکراوان گەڕانەوە شوێنی باب و باپیرانیان , ئەگەر راگوێزراوان مولک و زەوی خۆیان وەرگرتەوە , ئەو کاتە دەتوانریْ ئاسانتر بۆ ناردنەوەی عەرەبە هاوردەکان کار بکرێت . حزبی ئێمە پێیوایە , دەبیْ هەموو لایەنە سیاسی و فەرهەنگی و کۆمەلایەتی و پیشەییەکانی سەرتاسەری کوردستان پشتیوانی و هاوکاری لە پرۆسەی گەڕانەوەی راگوێزراوان دا بکەن و کۆمەکیان پیْ بکەن . گەرەکە دەستەلاتدارانی باشور گوشار بۆ حکومەتی عێراق ببەن تا بۆ عەرەبە هاوردەکان لە شوێنی رەسەنی خۆیان شوێنی ژیان و حەوانەوەی نوێیان بۆ دابین بکات . بەشێکی زۆری ئەو عەرەبە هاوردانە لەبەر کەمدەرامەتی ناتوانن بگەڕێنەوە بۆ ئەو شوێنانەی لە لێیانەوە هاتوون . ئەگەر حکومەتی بەغداد لە شوێنی پێشوویان خانوویان بۆ دروست بکاتەوە و باروبوویان بکات , زۆر بە خێرایی پرۆسەی گەڕانەوەی ئاوارەکان و ناردنەوەی هاوردەکان بەسەرکەوتوویی بە ئاکام دەگات.
ئێمە پێمانوایە بەر لە ئەنجامدانی پرۆسەی گەڕانەوە و ناردنەوە , هەر سەرژمێر و هەلبژاردنێک بکرێت سەرکەوتوو نابێت و ئاکامی خراپی لێدەکەوێتەوە . بۆ ئەوەی لانی کەم ژیانێکی ئاسوودەو حەساوە بۆ نەوەکانی داهاتوو بنیات بنێین , دەبیْ راشکاو و راستوێژانە بۆ سەرخستنی پرۆسەی گەڕانەوە و ناردنەوە , گوشار بخەینە سەر حکومەتی بەغداد و ناچاری بکەین کە دەست وبردی لێبکات .
بۆ بەرەو پێشەوەبردنی حکومەتی هەرێم , دەبیْ بوێر و نەترســـــانە دژایەتی گەندەلی بەڕێوەبردن و دارایی بکەین . دەبیْ حزبەکان نەترسانە گەندەلی نێو دامودەزگاکانی حکومەت لە قاوبدەن و رەخنەی لێبگرن . لەبەرانبەریشدا دەبیْ حکومەتی هەرێم سوپاسی ئەو لایەن و دەزگایانە بکات کە گەندەلییەکان ئاشکرا دەکەن و پەردەیان لەروودا هەلدەمالن . پێویستە حکومەتی هەرێم بەرنامەیەکی ریکوپیک بۆ ریشەکێشکردنی گەندەلی بەڕێوە ببات .
وێڕای هەموو ئەو شتانەی کە باسیکران , هێشتا دەبیْ ئەو راستیە لەبەرچاو بگرین کە باشوری کوردستان لەچاو پارچەکانی دیکە هەنگاوی گەورەی هەلێناوەتەوەو دەستکەوتی مەزنی هەبووە , دانان بە حکومەتێکی فیــدرالـــی هەرێمی کوردســــــتان لەلایەن حکومەتی بەغداد یەکێکە لەو دەســتکەوتانەی کە ئەمڕۆ بۆتــە دیفــاکــتــۆ . هەروەها ماوەی سالێک زیاترە کە حکومەتی هەرێم هەنگاوی بە برشت و کردەیی بەرەو ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدانی شارەکان دەست پێکردووە , لەم پێوەندییەدا چەندین پرۆژەی خزمەتگوزاری ئەنجام دراون و چەندانی دیکەش بەرەو تەواوبوون دەچن . بەتایبەتیش پێدانی سولفە دەرفەتێکی باشی بۆ فراوانبوونی شارەکان و دروست کردنی گەرەکی نویْ رەخساندووە . دروست کردنی باخچە و پارک و شوێنی کات بەسەربردن و حەسانەوە سیمای شارەکانیان جوان و رازاوەتر کردووە .
دروست کردنی ریگەوبان و ئاوەدانکردنەوەی چەندین گوند و شارۆچکە و دابینکردنی خزمەتگوزاری بۆ ناوچە تازە ئاوەدانکراوەکان دەست کەوتی باشن و لە قەیرانەکانی نیشتەجێبوون کەم دەکاتەوە , هەروەها ئەرکی حکومەتی هەرێم و رێکخراوە پەیوەندارەکانە کە هەنگاوی بەپەلە و خێراتر بۆ چارەسەرکردنی قەیرانی نیشتەجێبوون هەلبگرنەوە . لە لایەکی دیکەشەوە دەبیْ حکومەتی هەرێم گرنگی و بایەخی تایبەت بە سامانی ئاو بدات .بۆ سوود وەرگرتن لەو سامانە گەرەکە بەربەست و بەنداوی جۆراوجۆر دروست بکرێن و ئاوی بارانیان تێدا کۆبکرێتەوە . داکردنی ئاو و هەلبەستنی جۆگە و ئاوەڕۆکان بەشێکی زۆر لە گرفتی کەم ئاوی و بیْ کارەبایی چارەسەر دەکات . ئەگەر بە شێوەیەکی زانستیانە پرۆژەکانی ئاودێری تەواو بکرێن و سوود لە سەرچاوەکانی ئاو وەربگیرێت , نەک کێشەی ئاو

و كارەبا چارەسەر دەبێت , بەڵکو بەرهەمەکانی کشتوکاڵی بەشێوەیەکی یەکجار زۆر زیاد دەکات و دەشتوانرێت بەرهەمەکانی کشتوکاڵ و ئاو, رەوانەی دەرەوەی وڵات بکرێت .

# بارودۆخی عێراق

لەماوەی نێوان دوو کۆنگرەی حزبەکەمان , ئاڵوگۆڕێکی قووڵ و گشتگیر بەسەر عێراق داهاتووە . چەندین سال بەمەوبەر بەهزری کەم کەس دادەهات کە ئەمریکا لەژێر ناوی پرۆسەی ئازادکردنی عێراق بێتەوە رۆژهەلاتی ناڤین و رژێمی سەدام حوسێن رابماڵێ . تەنانەت دەگمەن بوون ئەوانەی بیران لە بینینی سەدامی زنجیرکراو , دەکردەوە .
هەرچەندە ئەو بیانۆیانەی کە ئەمریکا و هاوپەیمانانی شەریان پیّ لە دژی سەدام هەلگیرساند و رەوایەتیان بە هێرش هێنان دا, لە زەوی واقیعدا پەیدانەکران و نەدۆزرانەوە و نە سەلمێندران , بەلام رووخاندنی رژێمی بەعس و گرتنی سەدام حوسێن سوودو قازانجێکی زۆریان بە ناوچەکە گەیاند و دەستپێکی قۆناغێکی نوێشی لەبەردەم گەلی کوردستان و عێراق کردەوە .
تۆژەرە و لێکۆڵەرەوان لەو باوەڕەدابوون بە رووخانی سەدام , هەڕەشەکانی سەر ئارامی و هێمنایەتی ناوچەکە دەسرێتەوە و ژیانێکی بەختەوەر و ئاسوودە دەست پێدەکات .  ئەمرۆ تیراسـری بۆچوونەکان ئاوەژوو هەلکشاون . سەدام لە زیندان دایە و حزبی بەعسیش هەلوەشاوەتەوە و شانسی هاتنەوەشی بۆ دەستەلات بە دوور دەزانرێت , کە چی ئارامی و ئاسوودەیی دەستەبەر نەبووە . تەنگژەو قەیرانەکانی نێوەخۆ قولتر بوونەتەوە . رۆژانە دەیان عێراقی دەکوژرێن و بریندار دەکرێن .کردەوە خۆکوژی و تەقاندنەوە بەردەوامەکان ژیانی هاولاتیانیان لەبەردەم باهۆزی مەرگ راگرتووە . بە گوێرەی سەرچاوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە دوای رووخانی سەدام تا ئێستا زیاتر لە 17 هەزار مرۆڤی لاشەر کوژراون و 45 هەزاری دیکەش بریندارکراون و بە هەزاران خانووبەرەش زیانیان پێگەیشتووە .لەلایەکی دیکەشەوە بە رووخانی سەدام , دەرکردن و راوەدوونانی کورد لە چوارچێوەی عێراق کۆتایی پێنەهاتووە . لە ماوەی 8 مانگی رابردوو سەدان خێزانی کورد لە شارەکانی فەلوجە و سامەرا و حەویجە و جەلەولا وەدەرنراون یاخود لە ترسی مەرگ دەستیان لە سامان و موڵکی خۆیان هەلگرتووە و بەرەو باشوری کوردستان هاتوون . چەندین کوردی لاشەر  لە نێو شاری موسلر و سامەرا و تکریت و بەغداد و کەرکوک بەدەست عەرەبە رەگەزپەرستەکانەوە کوژراون و سوکایەتی بە تەرمەکانیشیان کراوە .
هەروەها لەوەتەی سەدام رووخاوە هێرش و پەلاماری گروپە ئیسلامیە توندرەوەکان بۆ سەر مەسیحیەکان دەستی پێکردووە . تا ئێستا چەندین جار هێرش کراوەتە سەر کلێسە و پەرستگاکانیان و ژمارەیەک هاوولاتی مەسیحی کوژراون یاخود رفێندراون و لەبەرانبەر پارەیەکی زۆردا ئازاد کراون .
ئەمرو بۆ مەسیحیەکان , عێراق شوێنێکی ئارام نیە . رۆژانە بنەماڵەی  ئاشوری و کلدانیەکان  شارەکانی عێراق جێدەهێلن و دێن لە کوردستان دەگیرسێنەوە
 عێراق بۆتە گۆڕەپانی تەراتێنکردنی گروپە توندرەوەکان و گەرەکیانە لەنێو عێراقدا حیسابی خۆیان لەگەلر ئەمریکا کۆپاک بکەنەوە . سەرانی وڵاتانی خۆرهەلاتی ناوەراستیش دەیانەوێ بەلای ئەمریکا لە خۆیان دوور بکەنەوە .بۆ ئەم مەبەستەش لێبڕاوانە کۆمەک پێشکەش بە گروپە ناڕازییەکانی ناو عێراق دەکەن . بە گوێرەی قسەی وەزیری دەرەوەی عێراق  تا ئێستا زیاتر لە 10 هەزار کەس لە سنووری وڵاتانی دراوسێوە  بۆ ئەنجامدانی کاری تیرۆریستی هاتوونەتە نێو عێراقەوە . هەروەها بە پێی زانیاریەکان حزبی بەعسی هەلوەشاوە لە وڵاتێکی دراوسێی عێراقدا کۆبوونەوەکانی خۆی دەکات و دەستوورەکانی خۆی بۆ ئەندامانی رەوانە دەکات . شەرو پێکدادانەکانی فەلوجە و نەجەف و سامەرا و شاری سەدری بەغداد و بەسرە و شارەکانی دیکەی عێراق وێنەیەکی نەرێنییان بە رای گشتی پێشانداوە . رفاندنی بیانیان و سەربڕینی وڵاتیانی دیکە و بە بارمتەگرتنی کەسانی خزمەتگوزار , دیاردەیەکی تۆقێنەر و قێزەوەن و نەفرەت لێکراون و رۆژانە دووپات دەکرێنەوە . دەستبەکاربوونی هەندێ گروپی رەگەزپەرست بۆ هەلگیرساندنی شەری نەتەوەکان , بەتایبەتیش لە کەرکوک و موسلر , هەڕەشەیەکی

ئاشكرا لە داهاتوو دەكەن . خەريكە بەشێك لە ولاتان بۆ پشتگيريكردن لە حكومەتێكی پۆلايين و داپلۆسێنەر , بگەڕێنەوە . هەندێ حكومەت , ئەو ئاژاوانە دەكەنە بيانۆ و داوا دەكەن حكومەتی ناوەندی تەواوی دەستەلات لە دەستی خۆيدا كۆبكاتەوە و بەهێز وەلامی داوای نەيارانی بداتەوە . لە راستيدا ئاژاوە و تەنگژەكانی نێو عێراق بە خێر بۆ رژێمی سەدام حوسێن گەڕاونەتەوە . خەريكە تاوان و مەرگەساتەكان لە بيربىەنەوە . گۆڕە بە كۆمەلەكان گەواهی دڕندەيی رژێمی سەداميان دا , بەلام درێژەدان بە شەڕ و كوشتار و ئاژاوەگێڕی , بە خشكەيی ئەو گەواهييە كەمنرخ دەكەن , هێزە سياسيەكانی عێراق ئەوەندەی پەرۆشی كۆنترۆلكردنی كورسی حوكمن , نيو ئەوەندە لە خەمی ئارامی و هێمنايەتی دانين و بەرەو ديموكراسيش هەنگاو هەلناگرنەوە . لە لايەكی ديكەشەوە حكومەتی كاتی عێراق نەيتوانيوە بچوكترين كێشە كە كێشەی سووتەمەنييە چارەسەر بكات .لە راستيدا جێگەی گالتەجاڕييە خەلكی عێراقی سەر دەريای نەوت , بۆ نەوت و بەنزين و گازوايل ريز ببەستن , ياخود لە بازاڕی رەش و بە نرخێكی گران پێداويستی خۆيان پەيدا بكەن .

ئەمرۆ هێزە دەستەلاتدارەكانی باشوری كوردستان لە هەمووان زياتر لە خەمی پاراستنی يەكپارچەيی خاكی عێراق كاردەكەن و ئامادەشن قوربانی زياتری بۆ بدەن . لە كاتێكدا يەكپارچەيی خاكی عێراق , بۆ سەر ئاسايشی هەرێمی كوردستان , هەڕەشەيەكی ئاشكراو هەميشەييە . كورد ئەركی يەكخستنەوەی عێراقيەكانی خۆبەخشانە لەئەستۆ گرتووە و بە دواييدا رادەكات .

بەدرێژايی تەمەنی عێراق هەميشە كورد پارسەنگی كێشەكانی نێوەخۆی راگرتووە . لە دامەزراندنی عێراق و چەسپاندنی رژێمی پاشايەتی و كۆمارييدا , كورد رۆلی ئيجابی گێراوە و بە زيانی خۆيشی تەواو بووە . دوای روخاندنی سەدام و رژێمی بەعس , هێزە سياسيەكانی بزاڤی كوردايەتی ديسانەوە بەرەو دامەزراندنەوەی عێراق تەكانيان داو تەواوی تواناكانی خۆيان لەو بوارەدا بە فيڕۆدا .

هێزە سياسيەكانی نەتەوەكانی عەرەب و توركمان لە عێراق , پێچەوانەی هێزە كوردستانيەكان , تەواوی توانای خۆيان بۆ دەستكەوتی نەتەوەيی چڕ كردۆتەوە و بەكراست كاريان بۆ كردووە .

هەموو لايەك دەزانين كە دەولەتی عێراق بە پيلانی كۆلۆنياليزم و بە بێ ويستی گەل و نەتەوەكانی ناو عێراق دروستكراو پالپشتی ليكرا . بەلام ئەمرۆ بە ئيرادەی رەهای هێزە سياسيەكانی نەتەوەكانی ناوی دووبارە دروست دەكرێتەوە . عێراق بۆمبێكی لەسەر پێيە , هەر كاتێ بتەقێتەوە ئارامی و هێمنايەتی ناوچەكە دەشێوێنێ و ئاسوودەيی نەتەوەكانيش تێكدەدات . بۆ ئەوەی نەتەوەكانی ناو عێرراق ئاسوودەو ئارام و دوور لە ئاژاوەو شەڕ بژين , دەبێ ئەو بۆمبە پوچەلڕ و بەتالڕ بكرێتەوە .

رژێمە يەک لە دوا يەكەكانی بەغداد گەورەترين كارەساتيان بەسەر گەل و نەتەوەكانی ناو عێراق هێناوە . چ زەمانەتێک هەيە ئەو كارەسات و مەرگەسات و كوشتارانە دووپات نابنەوە ؟!.

شێخ غازی ئەلياوەر بە پالپشتی كوردانی ئەندام لە جڤاتی فەرمانڕەوايی كاتی عێراق , بۆ سەرۆكی كاتی عێراق هەلبژێردرا , بەلام نەک هاوسۆزی لەگەلڕ كێشەی كوردستان ناكات , بەلكو زۆر راشكاوانە داكۆكی لە عەرەبە هاوردەكان دەكات و رايدەگەيەنێ كە ئەوان رێگە نادەن كەس بە زۆر لە شوێنی خۆی هەلبكەندرێت . لە كاتێكدا بۆ خۆی واژۆی ئەو بڕيارەی جڤاتی فەرمانڕەوايی كردووە كە سەبارەت بە ناردنەوەی هاوردەكان دراوە . هەروەها لە لێدوانەكانی ئەم دواييانەيدا زۆر بێباكانە ريفراندۆم بە خيانەت لە قەلەم دەدات و ئامادەی خۆی و حكومەتەكەشی بۆ شەڕكردن لەگەلڕ سەربەخۆخوازانی كوردستان رادەگەيەنێت . ئەو بۆچوونانە لە دەستپێكی كاردا هەڕەشە و مەترسی بەرجەستە دەكەن و گومان و نيگەرانی دەهێننەوە . ئەو رامانە دەمارگيرييە راستەخۆ پێمان دەلێ دووپات بوونەوەی رەشەكوژی و مەرگەساتەكان بەرێوەن . بۆ ئەوەی رێگە لە دووپاتبوونەوەی كوشتار و ئاژاوەكان بگيرێت , دەبێ رێگە بە نەتەوەكامن بدرێت ئازادانە بڕيار لە چارەنووسی خۆيان بدەن . يەكێتی سۆڤيەت هەلوەشايەوە و ژمارەيەک دەولەتی هاوسێ و دۆست دروست بوون . چيكوسلۆڤاكيا بوو بە دوو دەولەتی باش و بە توانا و هاوپەيمان . لەسەر كەلاوەكەی يوگسلافيا چەندين دەولەتی نوێ دروست بوون . ئەی ئەگەر نەتەوەكانی عێراق ئازادانە مالی خۆيان بكەن و دوو يان سێ دەولەتی دۆست و هاوپەيمان دروست بكەن , چ لە سياسەتی جيهان و ناوچەكە دەگۆڕێت ؟!. ئايا لە نێو ئاژاوە و شەڕ و كوشتارەكانی ئێستای عێراق , ولاتێكی ديموكراسی و ئاسوودە وەبەرهەم دێت ؟!. ئايا دروستبوونی دوو دەولەتی هاوسێ و ئارام و بەختەوەر باشتر نييە لە ولاتێكی پڕاوپڕ لەبۆنی

باروت و خوێن و مەرگ ؟!. پێداگرتن لەسەر یەکپارچەیی خاکی عێراق , هەڕەشەیەکی ئاشکرا لە دیموکراسی و مافی مرۆڤ و مافی بڕیاردانی گەلان دەکات . ئەگەر نیازمانە بەرەو دیموکراسی و شارستانیەت هەنگاو هەڵبگرینەوە , ئەگەر مەبەستمانە مافی مرۆڤ پارێزراو بێت , ئەگەر ئارمانجمان رێزگرتن لە مافی بڕیاردانی گەلان بێت , دەبێ شێوازێکی دیکە بۆ پێکەوە ژیان بدۆزینەوە و بڕیاریش بە گەل و نەتەوەکان بسپێرینەوە . مێژوو ئەو راستیەی سەلماندووە کە دۆستایەتی نێوان گەل و نەتەوەکانی نێوچوارچێوەی دەوڵەتێک بەبڕیار و ئارەزووی سەرکردە و حزبەکانیان پێکنایەت . کاتێ ئەو دۆستایەتییە گەشە دەکا و یەکگرتوویی دەپارێزێت کە هەمووان یەکسان بن , هەمووان هاوماف و هاو ئەرک بن و کەسیان بەسەر ئەوانی دیکەوە بالادەست و زاڵ نەبێت . ئەو کاتە پتەو و خۆڕاگر دەبێت کە رێگە بە نەتەوەکان درابێت لە هەڵبژاردنێکی پاکدا دەنگی خۆیان دابێت و بڕیاری خۆیان یەکلایی کردبێتەوە .

هیچ کەس و لایەن و دەوڵەتێک ناتوانێ نکۆڵی بکات کە عێراق خاک و نیشتیمانی ئەو نەتەوانەیە کە ئێستا تێیدا دەژین . ئەگەر عێراقیەکان بڕیارێکی لە وێنەی چیکوسلوڤاکیایان وەرگرت و برایانە ماڵی خۆیان بکەن و دەوڵەتی نەتەوەیی خۆیان دروست بکەن , خۆ خاک و نیشتیمانەکە هەر بۆ ئەو نەتەوانە دەمێنێتەوە کە ئێستا تێیدا دەژین . بستە خاکێک لەو نیشتیمانە وەبەر دەوڵەت و نەتەوەی دیکە ناکەوێت . ئەی ترس و پەرۆشی و نیگەرانیمان لە چی دایە ؟!. وڵاتپارێز و نیشتیمانپەروەران کاتێ سەرسەختانە پێ لەسەر سنوورەکانیان دادەگرن کە بزانن پارچەیەک لە خاکەکەیان داگیر دەکرێ و دەخرێتە سەر وڵاتی دیکە وە .

ئەمڕۆ عێراق لەلایەن ئەمریکاوە فەرمانڕەوایی دەکرێت و حکومەتی کاتی عێراقیش لەژێر سایەی ئەمریکاوە پێکهاتووە و فەرمانڕەوایی دەکات . بەڵام دەبێ بزانین کە ئەمریکا بە تەنیا بۆ رزگارکردنی گەلی عێراق نەهاتۆتە ناوچەکەوە . بوونی ئەمریکاو هاوپەیمانان لە عێراق و ناوچەکەدا بە خێر بۆ هەندێ گروپ و هێز و نەتەوە گەڕاوەتەوە . ئەمریکا هێزێکی خاوەن دەسەڵات و بەرژەوەندخوازە و بە دوای پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆیەوە دەگەڕێت . هەر خۆیشی دانی بەوە داناوە کە لە عێراق داگیرکەرە . لێ هەندێ هێز بە رزگارکەر ناوی دەبەن و بەقەڵای لەرووخان نەهاتوو پشتی پێدەبەستن . پشت بەستن بە ئەمریکا و خەودیتن بە دەسەڵات و توانای ئەمریکا , کتومت ئەو قۆناغە دووپات دەکاتەوە کە بزاڤی کوردایەتی و هەندێ لایەنی سیاسی لە هیچ و خۆڕایی یەکێتی سۆڤیەتیان بە رابەرو پێشەنگ دەناسی و گوێڕایەڵیان لێدەکرد . تەنانەت کاتێ میخائیل گورباچۆف هات و گوتی : ( یەکێتی سۆڤیەت رابەر و پێشەنگ نەبووە و نییە و نابێ , هێندێ لایەنی سیاسی هەبوون گوێچکەی خۆیان دادەخست و نەیاندەویست ئەو رستانە ببیستن و ئامادەش نەبوون ئەو بڕگانەی سەبارەت بە پێشەنگایەتی سۆڤیەت دەنێو پەیڕە و پرۆگرامی خۆیان دەربهێنن . ئەمڕۆ هەمان سیاسەتی هەڵە دووپات دەبێتەوە . ئەمریکا بە دەنگی بەرز دەڵێ ( من داگیرکەرم و هاتووم شەڕی تیرۆر دەکەم و ئاسایش و هێمنایەتی هاووڵاتیانی خۆم دەپارێزم ) , کەچی هەندێ سەرکردەو لایەن هەن دەڵێن ( ئەمریکا رزگارکەرەو هاتووە بمانپارێزێ و ئاسایشی گەلانی ناوچەکەمان بۆ مسۆگەر بکات !!).

عێراق خاوەن سامانێکی یەکجار زۆرە . وڵاتانی ناوچەکەو جیهان چاویان تێبڕیووە . تا دیکتاتۆریەت لە دەسەڵات دابێت و کار بۆ یەکپارچەیی بکات , ئەو سامانە زۆرە بەگەل و نەتەوەکانی عێراق ناگات . بە درێژایی هەشتا ساڵی رابردوو گەلی عێراق لە نەهامەتی و کوێرەوەری ژیاوە . تەواوی سامان و داهاتەکانی بە چەک و تفاقی شەڕ دراوە هاووڵاتیانی پێ قڕکراوە و ئارامی ناوچەکەی پێ ئاڵۆزکراوە .ئەمڕۆش وڵاتانی زلهێز دەیانەوێ لەژێر پاراستنی یەکپارچەیی خاکی عێراق , چەک و تەکنەلۆژیا کۆنەکانی خۆیان بە بەغداد بفرۆشن و لەبەرانبەریشدا سەروەت و سامانەکەی بۆ گیرفانی خۆیان ببەن . ئەگەر شەڕ و ئاژاوەکانی نێوخۆ نەبێت , بوونی سەربازی ئەمریکی و هاوپەیمانانی لە عێراق پاساو نادرێتەوە . بۆ ئەوەی سەربازی ئەمریکاو هاوپەیمانانی لە عێراق بمێننەوە , دەبێ جەخت لەسەر یەکپارچەیی خاکی عێراق بکرێتەوە و ئاگری شەڕە نێوخۆییەکان خۆشبکرێن . ئەگەر نیازە ئاسوودەو ئارام بژین , ئەگەر گەرەکمانە سەروەت و سامان و داهاتی خۆمان بۆ گەل و نیشتیمان بێت , دەبێ بیانۆ نەدەینە دەست ملهوڕ و بەرژەوەندخوازان . دەبێ خۆمان رێگەیەکی شارستانی و هاوچەرخانە بگرینەبەر و بە ئیرادەی رەهای خۆمانەوە بڕیار لە چارەنووس و داهاتووی خۆمان بدەین .

ولاتانی ناوچەکە پێ لەسەر یەکپارچەیی خاکی عێراق دادەگرن و دروستبوونی دەولەتی سەربەخۆی کوردستان بە مەترسی و هەڕەشە بۆ سەر خۆیان دەبینن . لە کاتێکدا مانەوەی ئەمریکا لە عێراق مەترسی و هەڕەشەکەی زیاترە تا دروستبوونی دەولەتی سەربەخۆی کوردستان . ئەگەر ئەمریکا لە عێراق بمێنێتەوە , تەواوی هەناردە و هێنانەکانی بازرگانی بۆ کۆمپانیاکانی فرە رەگەزی گلدەدرێنەوە و ولاتانی ناوچەکەی لێبێبەش دەبن . ئەگەر کوردستانێکی سەربەخۆ پێک بێت , ولاتانی ناوچەکە لە رووی بازرگانی و ئابورییەوە قازانج دەکەن و سوودی زیاتریان پێ دەگات . تەنانەت ئێستا کۆمپانیاکانی تورکی و ئێرانی لەباشوری کوردستان سوودمەندن و زیاتر کەلوپەلی سوری و تورکی و ئێرانی بازرگانیان پێوە دەکرێت . بە کورتی بازاڕی کوردستان لەلایەن ئەو سێ ولاتەوە کۆنترولڕ دەکرێ و کالاکانیان لێرەدا ساغ دەکرێنەوە .

لەلایەکی دیکەشەوە هەموومان دەزانین کە تەواوی پێوەندی ولاتان لەسەر بنەمای بەرژەوەندی هاوبەش هەلچنراوە . ئەگەر ولاتانی ناوچەکە بیانەوێ بەرژەوەندییەکانیان پارێزراو بێت , دەبێ هەولی پەیداکردنی بازاڕ بۆ کالا و بەرهەمەکانیان بدەن . کاتێ بازاڕێکی نزیکیان بۆ پەیدا دەبێت کە هێزەکانی ئەمریکا لە ناوچەکەدا نەمابن . کاتێ هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق دەکشێنەوە کە بیانۆی پەشێوی و نائارامی لە ئارادا نەمابێت . کاتێ ئارامی و هێمنایەتی دەچەسپێت کە ڕێگە بە نەتەوەکانی ناو زیندانی عێراق درابێت کە ئازادانە بڕیاریان لە چارەنووسی خۆیان دابێت .

ئێمە پێمان وایە لەسایەی ئەو سیاسەتە ئالۆز و گوماناویە , ئاسایش و هێمنایەتی بۆ عێراق بەدی نایە . کەی ئاسایش و ئارامی لە عێراق بوونی هەبووە ؟! , تا ئەمڕۆ نۆژەن یان بگێڕدرێتەوە . دەبێ بیر لە ڕێگە چارەیەکی دیکە و شێوازێکی دیکەی پێوەندی و بەیەکەو ژیان بکەینەوە .

دوای هەشتا سالڕ خەبات و تێکۆشان . دوای هەشتا سالڕ خوێن و قوربانیدان . دوای هەشتا سالڕ ئاژاوەو پەشێوی . دوای هەشتا سالڕ رەگەزپەرستی و دیکتاتۆری و ملهوڕی , تازە دەمانەوێ عێراقی هیواو ئاشتی بنیات بنێین !!. دوای ئەو هەشتا سالە نەهامەتییە تازە گەیشتن بە ئاسوودەیی و یەکسانی و بەرابەری هەروا سوک و هاسان نییە . دوای ئەو هەموو سالە , تازە کورد ئامادەنییە بە برا بچوک و بێبەش بمێنێتەوە . شیعە ئامادەنییە لە دەستەلات بێبەش بێت . عەرەبی سوننە نایەوێ سەنگایی کەمبکرێتەوە و لە دەستەلات دوور بخرێتەوە . تورکمان رازی نییە پێوانەی بۆ نەکرێت . ئاشور و کلدانی ئامادەنین دەست لە داواو مافی خۆیان هەلبگرن . کاتێکیش ئەو نەتەوانە بە خواست و ئارەزووەکانیان دەگەن , کە داهاتوویەکی جیاواز لە رابردوویان نەخشاندبێ و ئازادانە بڕیاریان لە چارەنووسی خۆیان دابێت .

ئەگەر هەرسێ ویلایەتی بەسرە و بەغداد و موسلڕ ڕێگەیان پێ بدرێت ئازادانە بە خۆیان دابچنەوە و سەربەستانە شێوە ژیانی داهاتوویان دیار بکەن , لەوانەیە سێ دەولەتی دۆست یان سێ نیشتیمانی کۆنفیدرالڕ یان سێ هەرێمی فیدرالی ئارام دروست ببێت . ئەو کاتە شیعە خاوەنی ولاتی خۆی و سامانی خۆی دەبێت و بە ئارەزووە دێرینەکانی خۆی دەگات . عەرەبی سوننە رووپێوی دەستەلاتەکەی بچوک دەبێتەوە , بەلام ئاسوودە و بێ گرفت دەژیت و فەرمانڕەوایی لە دەست نادات . کورد بە خواستە نەتەوەییەکانی خۆی دەگات و خاوەن ماف و سەربەستی دەبێت . هەروەها تورکمان و ئاشوری و کلدانیش سەنگاییان لە نێو باشوری کوردستاندا مەزن و بەرچاوتر دەبێت و بە مافەکانی خۆیان دەگەن .

قسەکردن لەسەر دارڕشتنەوەی چارەنووس , کارکردن بۆ نەخشاندنی داهاتوویەکی پرشنگدار نەک بڤە و حەرام نییە , بەلکو ئەرکێکی لە پێشینە و مافێکی رەوای هەمووانە و باشتر وایە بەبێ دوودلی کاری بۆ بکەین و بکەوینە واری دا نوستاندنەوە .

ئەگەر وردبین و راستگۆیانە لە تەنگژەو قەیرانەکانی ناوەخۆی عێراق بڕوانین , ئەگەر بۆ مێژووی ئەو کێشە و ئالۆزییە بگەڕێینەوە, دەبینین سەرچاوەی هەر هەموویان خۆی لە ناهاوتای و کێماسی پێکهاتەی گەلی عێراق دەبینێتەوە . ئەگەر بە زۆرەکی هەرسێ ویلایەتی موسلڕ و بەغداد و بەسرە لەیەکتر گرێنەدرابوان , گومانی تێدا نییە کە ئەو مێژووە خوێناوییە و تالەمان نەدەبوو . ئەگەر ڕێککەوتن و گونجان لە نێوان نەتەوەکانی عێراقدا هەبووایە , کێشەی نەتەوەیی کورد بە بنبەست نەدەگەیشت و ئەو هەموو خوێنە نەدەڕژا . ئەگەر کێشە نەتەوەییەکان چارەسەر بکرابووایە , شۆڕشی

چەکداری لە باشوری کوردستان پەیدا نەدەبوو . ئەگەر مەسەلەی شۆرشی چەکداری نەبووایە , رژێمی عێراق ئەوەندە شان نزمی بۆ شار ئێران نەدەکرد و نەیدەهێشت گۆڕینی سنوور بە سوود و قازانجی ئێران تەواو ببێت . ئەگەر هەلێە بۆ گێڕانەوەی خاکی لەدەستچوو نەبووایە و هەست بە گەشەی بزاڤی شیعەگەری نەکرابووایە , سەدام شەڕی لە دژی کۆماری ئیسلامی ئێران هەڵنەدەگیرساند و ئەو شکستە گەورەیەی نە دەخوارد . ئەگەر شکستی شەڕی عێراق – ئێران نەبووایە , رژێمی بەغداد بیری لە داگیرکردنی کوێت نەدەکردەوە و, ملی پێوە نەدەنا . ئەگەر داگیرکردنی کوێت نەبووایە , ئەمریکا و هاوپەیمانانی نە دەهاتنە ناوچەکە و شەڕی سێیەمی کەنداو رووی نەدەدا . ئەگەر سێیەمین شەڕی کەنداو نەبووایە , راپەڕینی بە هاری 1991 وا بە ئاسانی بە تەقینەوەی رق و قینی شیعە و کورد دەستی پێنەدەکرد و کڵپەی نەدەسەند . ئەگەر خامۆشکردنەوەی راپەڕینی بەهاری 1991 و کۆرەوی خەڵکی کوردستان نەبووایە , رووی دزێوی رژێمی سەدام و تاوانەکانی ئەو رژێمە بۆ جیهانیان وەدیار نەدەکەوت . ئەگەر درندایەتی رژێمی بەعس وەدیار نەکەوتبوایە , دراوسێکانی ترسیان لێ نەدەنیشت و هاواریان بۆ ئەمریکاو هاوپەیمانان نەدەبر کە ئەو رژێمەیان لە کوڵ بکاتەوە . ئەگەر وڵاتانی کەنداو پەنایان بۆ ئەمریکا نەبردبووایە و بۆ ناوچەکە بانگیان نەکردبووایە , ئەوە رژێمی سەدام نەدەڕووخا و ئەو هەموو تاوان و گۆڕە بە کۆمەڵە ئاشکرا نەدەبوون . ئەمانەو دەیان ئەگەرو ئەگەری دیکە پێمان دەڵێن کە کێشەکانی عێراق سەرچاوەیان لە کێماسی پێکهاتەی خەڵکەکەی و نەگونجانی نەتەوەکانییەوە گرتووە و , بۆ چارەسەرکردنیشیان دەبێ بگەڕێینەوە بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێکی گونجاو کە هەموو نەتەوەکانی عێراق بە ماف و ئازادی و دەستەڵات بگەیەنێت

# بزاڤی رزگاریخوازی کوردستان

لەوەتەی کوردستان بە پیلانی زلهێزانی دونیا بەسەر وڵاتانی ناوچەکە دابەشکراوە , گەلی کورد لەهەوڵی بەدەست هێنانەوەی رزگاری و سەربەخۆیی نیشتیمانەکەی تێکۆشاوە . ئەو وڵاتانەی کوردستانیان پێوە لکێنراوە زۆر سەرسەختانە نکۆڵیان لە ناسنامەی نەتەوەیی گەلی کوردستان کردووە و بۆ سڕینەوەی شوێنەواری نەتەوەی کورد , دەست بەکاربوونە و کاریان بۆ کردووە .
سەدەی رابردوو بۆ گەلی کوردستان سەدەیەکی تاڵ و خوێناوی بوو , سەدەیەکی پڕاوپڕ لە مەرگەسات و کارەساتی دڵتەزێن بوو . سەدەی رابردوو بەهەر نرخ و شێوازێک بوو وەک هەورێکی رەش و تاری بەسەر گەلی کوردستان تێپەڕبوو .
دەستپێکی ئەم سەدەیە بەکرانەوەی دەروازەیەکی باشتر بۆ دۆزی گەلانی ژێردەست و داگیرکراو هاتە پێشەوە . گەل و نەتەوە دابەش و داگیرکراوەکان خێراتر بەرەو رزگاری و سەربەرخۆیی تەکانیان دا . بەڵام دیسانەوە بزاڤی رزگاریخوازی گەلی کوردستان نەیتوانیوە وەک بزاڤی گەلێکی زیندووی خاوەن مێژوو , رۆڵی راستەقینەی خۆی کایە بکات . لەتبوون و پەرتبوونە بەردەوامەکانی نێو بزاڤی کوردایەتی گورزێکی کاریگەریان لە پەیکەری حەز و ئاوات و ئارمانجەکانی گەل داوە . کۆسپ و تەگەرە و قەیرانێکی زۆری لێوەبەرهەم هاتووە . ململانێی حزبەکان و شەڕە نێوخۆییەکان دۆزی گەلی کوردستانیان بەرەو کزی و لاوازی پەلکێش کردووە . هێزو توانای کوردستانیانی هاوێر و پەرتەوازە کردووە .
رەوتی کاروانی کوردایەتی هەمیشە لە هەورازو نشێو دابووە . تا هەنگاوێک بەرەو پێشەوە نراوە , دەیان کۆسپ و تەگەرەی بۆ قوتکراوەتەوە . بە تایبەتیش لە دوای کۆنگرەی بەرە و رزگاری و سەرخۆبوونی پارتەکەمان کە لە (15-18/11/1995) بەسترا , تا ئەمڕۆ چەندین گۆڕانکاری گەورە بەسەر لایەنە سیاسیەکانی کوردستان و گۆڕەپانی نیشتیمانەکەمان داهاتوون .
شەڕە نێوخۆییەکانی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و, یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و, پارتی کرێکارانی کوردستان و, دابەشبوونی باشوری کوردستان بۆ سەر دوو سەنگەری دژ بەیەک , زیانێکی گەورەی بە بزاڤی کوردایەتی و دەستکەوتەکانی راپەڕینی بە هاری 1991 و گەشەی دۆزی گەلەکەمان

گەیاندووە . برەودان بە ناکۆکی و قوڵکردنەوەی کێشە لاوەکیەکان و لەتبوونی هێزە کوردستانیەکان , جەماوەری گەلەکەمانی دڵســـارد و کەم هیوا کردووە . تا ئەمڕۆکەش دڕودۆنگی و تۆز و گەردی دوو سەنگەری نەتەکێندراوە . هەرچەندە هەنگاوی باش بۆ ئاساییکردنەوەی بارودۆخی باشوری کوردستان هەڵگیراوەتەوە و گرتن و راوەدوونانی نەیاران دەگمەن بۆتەوە , بەڵام دیسانەوە لە جیگەی ئومێد و پێویست دانییە .

لە ماوەی 9 ساڵی رابردوو , لە باشوری کوردستاندا لەباتی ریزەکانی لایەنە سیاسیەکان پتەو و بە هێز بکرێ , لەتبوون و هاوێر بوون برەوی پێدراوە و بە دەگمەن لایەنێ هەبووە کە لەتبوون و پەرتبوونی تێنەکەوتبێت . زۆربەی ئەو لەتبوونانەش هۆکاری هزری و ئایدۆلۆژیایان لە پشتەوە نەبووە . بەمەش ریزەکانی بزاڤی کوردایەتی بەرەو هاوێری بێهێزی شۆڕبۆتەوە .

رەوشی باکوری کوردستان لە دوای رفاندنی بەڕێز عەبدوڵڵا ئۆجەلانی سەرۆکی پارتی کرێکارانی کوردستان لە 1999/2/15 و تووندکردنی لە زیندانی دورگەی ئیمرالی , گۆڕانی نەرێنی بەسەر داهاتووە . گەریلاکانی پەکەکە یەک لایەنە بڕیاری ئاگربڕیان راگەیاند و تا یەکی حوزەیرانی 2004 پێیەوە پابەندبوون . بزاڤی باکوری کوردستان بە دوای رێگەچارەی ئاشتیانە و دیموکراسیانە هەنگاوی هەڵێنایەوە . بۆ خۆ گونجاندن لەگەلڕ رەوشی نێودەوڵەتی PKK هەڵوەشێندرایەوە و کۆنگرەی ئازادی و دیموکراتی کوردستان ( کادەک ) پێکهات . بەڵام دوژمن لەکەللە رەقی خۆی نەهاتۆتە خوارەوە و ئامادەی دانوستاندن نیە . هەنگاوەکان بێ وەڵام مانەوە و بەرەو چەقبەستن و سڕبوون رۆیشتن . دواتر کۆنگرەی گەل هاتە مەیدان و لە هەنگاوی یەکەمیدا ئاگربڕی هەڵوەشاندەوە و چالاکی گەریلاکانیان دەست پێکردەوە . بەداخەوە کۆنگرەی گەل نەیتوانی یەکێتی ریزەکانی پەکەکە بپارێزێت و بەرەو لەتبوون و هاوێر بوون رۆیشت . هەروەها نەیتوانیوە شێوازێکی گونجاو بۆ کاری هاوبەش لەگەلڕ لایەنە سیاسیەکانی باکور بدۆزێتەوە .

ئەگەر رەوشی ئێستای باکوری کوردستان لەگەلڕ 9 سالڕ لەمەوبەر بەراورد بکەین , دەبینین زیاتر بەرەو پەرتبوون و لاوازی رۆیشتوە . هەرچەندە رژێمی تورکیا لە ژێر گوشاری یەکێتی ئەوروپا و بەمەبەستی ئەندامێتی لەو یەکێتیە , هەنگاوی نیوە چڵی هەڵێناوەتەوە و چوار پەرلەمانتارە کوردەکەی ئازاد کردووە و قەدەغەکردنی لەسەر زمانی کوردیش هەڵگرتووە و, رێگەی داوە بەرنامەی کوردی لە رادیۆ و تەلەفزیۆنی دەوڵەتی تورک پەخش بکرێت . هەروەها کۆرسی زمانی کوردی لە هەندێ شاری باکوری کوردستان کراوەتەوە و , گۆرانی و هەڵپەرکێ و جلوبەرگی کوردی ئازادکراوە .بەڵام دیسانەوە رێگە لەبەردەم ئازادی و مافەکانی گەلی کورد نەکراوەتەوە . دەوڵەتی تورک دەیەوێ زیاتر هێزەکانی کوردستان بەرەو لاوازی و بێئیرادەیی ببات و ناچاریان بکات بە هەموو مەرجەکانی ئەو رازی ببن .

رەوشی رۆژهەڵاتی کوردستان بە بەراورد لەگەلڕ 9 ساڵ لەمەوبەر, بەرەو پێشکەوتن رۆیشتوە . کۆماری ئیسلامی ئێران نەرمتر رەفتار لەگەلڕ کێشەی نەتەوەیی کورد دەکات . فراکسیۆنی کورد لە نێو شورای ئیسلامی ئێران پێکهێنراوە و تا رادەیەک ئازادیان پێدراوە . بزاڤی رۆژنامەگەری بەرەو کرانەوە هەنگاوی هەڵێناوەتەوە . لایەنە سیاسیەکانی رۆژهەڵات لە خەمی دۆزینەوەی ئالیەتێکی هاوکاری نێوانیان دەستبەکارن . حزبی دیمۆکراتی کوردستان لە دوو باڵ رزگاری بووە و یەکی گرتۆتەوە . لێ مخابن ریزەکانی کۆمەڵە لەتبوونی بە خۆیەوە بینیوە . وێڕای هەموو ئەوانەیشەوە , رەوشی سیاسی رۆژهەڵات لە جاران گەشەکردووترە و ئومێدی باشتری لەسەر هەڵچنراوە و کۆمەڵانی خەڵکیش بەگەرمتر بەرەو پیریەوە دێن .

رۆژئاوای کوردستان , دوای راپەڕینی 2004/3/12 دەروازەیەکی نوێتری لێکراوەتەوە . کێشەی کوردی وەک کێشەیەکی گڕگرتوو هاتۆتە مەیدان و تۆزی بزربوونی لەخۆی داتەکاندووە . بۆ یەکەمین جار لە مێژوودا سەرۆکی سوریا دانی بە هەبوونی نەتەوەی کورد لە سوریا دانا و, بڕیاردرا ناسنامەی هاووڵاتیبوون بۆ ژمارەیەک لەو کوردانە بگێردرێتەوە کە حکومەتی سوریا 40 سالڕ لەمەوبەر لێیسەندبوونەوە . هەرچەندە دەوڵەتی سوریا بە فەرمی لایەنە سیاسیەکانی ئاگادارکردۆتەوە کە واز لە چالاکی سیاسی و رێکخستنەکانیان بهێنن , بەڵام بۆ راگرتنی کارو چالاکی ئاشکرای ئەوان هەنگاوێکی تووندتری هەڵنەگرتۆتەوە .

لەبواری کاری کوردستانیدا , دروستبوونی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان KNK لە ئایاری 1999 هەنگاوێکی ئەرێنی بوو . بۆ یەکەمین جار لە مێژوودا ژمارەیەکی زۆر لایەنی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی کوردستان لە چوارچێوەی کۆنگرەیەکدا کۆبوونەوە . چەندین هەنگاوی باش وبەسوود بەرەو پێشخستنی دۆزی کوردستان هاوێژرا . بەڵام مخابن بەرچاوتەنگی هەندێ لە ئەندامانی PKK , ئەو دەزگا نەتەوەییەی بەرەو قۆرخ بوون برد . لایەنە سیاسیەکانی ناو KNK بەتایبەتیش حزبی رزگاریی کوردستان بۆ دەربازکردنیKNK تواناو شیانی خۆیان بەکارهێنا , کەچی ئەو ئەندامانەی PKK کە باڵادەستبوون , کۆنگرەی نەتەوەییان کردە پاشکۆی سیاسەتەکانی خۆیان و بەرەو مەرگیان برد .
سەرئەنجام لە حوزەیرانی ئەمساڵ دا هەڵوەشێندرایەوە .ئۆباڵی سستی و پێشنەکەوتنی KNK لە ئەستۆی سەرکردایەتی کۆنگرەی گەل دایە . تەنانەت لە مراندن و هەڵوەشانەوەشی هەر ئەوان بەرپرسیارن . خەڵکانێکی زۆر چاوی هیوایان لە کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان بڕی بوو, بەڵام سیاسەتی سەرانی ئاپۆچی و بەرژەوەنخوازی ئەوان ریگەی نەدا KNK ئەو رۆڵە مێژووییە لە کۆکردنەوەی کوردستانیان و ناساندن و سەرخستنی دۆزی کوردستان ببینێت .
بە دڵنیاییەوە دەڵێین تەنیا بە یەکڕیزی و یەکگرتوویی دەتوانین کێشەی گەل و نیشتیمان بەرەو سەرکەوتن ببەین . لەتبوون و دابڕان و هاوێربوون , کێشەکەمان چووکە دەکەنەوە و بەرەو لاوازی و کەمنرخی پەلکێشی دەکەن .حزبی ئێمە هەمیشە باوەڕی بە هاوپەیمانێتی شۆرشگێڕانەی نێوان چینەکان و هاوکاری نێوان لایەنە سیاسیەکانی کوردستان هەبووە و لێبردووانەش بۆی تێکۆشاوە .
لە دوای کۆنگرەی بەرەو رزگاری و سەرخۆبوون ., لێبڕاوانە بۆ پێکهێنانی KNK تێکۆشا . کاتێکیش لە KNK هیوابڕ بوو بەرەو پێکهێنانی ناوەندی سەربەخۆیی کوردستان NSK هەنگاوی هەڵێنایەوە .
ئەمڕۆ حزبی ئێمە لەگەلڕ چوار لایەنی دیکە , ناوەندی سەربەخۆیی کوردستانی پێکهێناوە و شێلگیرانە بۆ پێشخستنی کاری کردووە . بەڵام دیسانەوە پێمانوایە کە دەبێ لێبڕاوانەتر بۆ یەکخستن و کۆکردنەوەی هێز و توانای کوردستانیان , بە کەسایەتی و لایەنەکانیانەوە , تێبکۆشین . حزبی ئێمە بۆ بەهێزکردنی سەنگەری کوردستانیان درێغی نەکردووە و نایکات , بەگوێرەی توانای خۆیشییەوە کاری بۆدەکات .
دۆزی کوردستان مەزنبوون و جێگیربوونێکی فراوانتر لە جارانی بەخۆیەوە بینیووە . لەسەر ئاستی نێوەخۆدا هەستی سەربەرخۆخوازی گەورەتربووە و ئاستی هۆشیاری جەماوەریش بەرەو هەورازتر هەڵکشاوە . لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیشدا دۆست و هاوسۆز و پشتیوانی زیاتری بۆ پەیدا بووە . هەندێ حزبی کوردستانی لە ئینتەرناسیۆنالیست بە ئەندام یان چاودێر وەرگیراون . هەندێ لایەنیش پێوەندی بەرفراوانیان لەگەلڕ ناوەندە بڕیار بەدەستەکانی جیهان دروست کردووە .
لەماوەی 9 ساڵی رابردوو , چەندین کۆنگرە و کۆنفرانس و کۆبوونەوە و سیمینار لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی, بۆ لێدوان لەسەر کێشەی کوردستان پێکهێنراون . دۆزی کوردستان لەسەر دێڕی هەواڵەکانی رۆژنامەگەری و رۆژەڤی کۆبوونەوەکانی پارلەمانی ئەوروپا و وڵاتانی ئەوروپادا جێگەی گرتووە . ژمارەیەکی زۆر لە سیاسەتمەدار و ناودارانی ئەوروپی و ئەمریکی و ئەفریقی لایەنگیری و هاوسۆزی لەگەلڕ دۆزی رەوای گەلی کوردستاندا دەکەن . نوێنەری زۆربەی وڵاتانی جیهان هاتوونەتە کوردستان و لە نزیکەوە گوێیان لە چیرۆکی مەرگەسات و ئەو کارەساتانەی کە بەسەر گەلەکەماندا هاتوون , گرتووە . زۆربەیان لەسەر مەزاری شەهیدانی هەڵەبجەدا پشتیوانی خۆیان بۆ ماف و داخوازییەکانی گەلی کوردستان پێشانداوە . چەندین جار شاندی یەکێتی ئەوروپا و رێکخراوکانی مافی مرۆڤ راسپێردراون و سەردانی دیاربەکر و هەولێر و قامیشلی و مەهابادیان کردووە . وەزیری دەرەوەی ئەمریکا کۆڵن پاول , هاتۆتە هەڵەبجە و هاوسۆزی خۆی دووپات کردۆتەوە . نوێنەری سەرکۆماری لیبیا هاتۆتە باشوری کوردستان و لەبەردەم میدیاکانی نێوەخۆ و دەرەکیدا پشتیوانی خۆی و وڵاتەکەی بۆ سەربەخۆیی کوردستان راگەیاندووە . رێکخراوکانی مافی مرۆڤ و لێبوردنی نێودەوڵەتی هاوسۆزیان لەگەلڕ ماف و داخوازییەکانی مرۆڤی کوردستان پێشانداوە و ئامادەشن پشتیوانی لێبکەن . لە چەندین کۆنگرەی خۆیاندا جەختیان لەسەر پاراستنی مافەکانی مرۆڤی کورد و کارکردن بۆبڕیاردان لە

چارەنووس بە دەستی خۆیانەوە , کردۆتەوە . بەتایبەتیش لە 32ەمین کۆنگرەیاندا .
بۆیە ئەرکێکی گران و پیرۆز لە ئەستۆی هێزە سیاسیەکانی کوردستان دایە و گەرەکە لێوەشاوە و زانایانەتر بۆ فراوانکردنی بازنەی هاوهەنگی و هاوسۆزی نێودەوڵەتی لەگەلڕ کێشەی گەل و نیشتیمان تێبکۆشن . بە دیبلۆماسیەتێکی یەکگرتووانە دۆزی  کوردستان بە نێودەوڵەتی دەبێت و لە لووتکەی سەرکەوتن نزیک دەبێتەوە . بە تایبەتی کە ئەمڕۆ هەندێ لایەنی سیاسی کوردستانی پێوەندی و ناسینی باشیان لەگەلڕ وڵاتە بڕیار بەدەســـــتەکانی جیهان دا هەیە و بە هاسانی دەتوانن دەنگی کورد بە گەل و وڵات و حکومەتەکان , بگەیەنن . جاران کێشەی کورد لە بازنەیەکی داخراوی نێوەخۆدا دەخولایەوە و کەسێ نەبوو گوێی لێبگرێت , کەچی ئەمڕۆ وڵاتانی کیشوەرەکانی  ئەمریکا و ئەوروپا و ئاسیا و ئەفریقیا لە نزیکەوە سەروکاریان لەگەلڕ کوردستانیان پەیدا کردووە . ژمارەیەکی زۆری کوردستانیان لە وڵاتانی جیهان پەرش و بڵاو بوونەتەوە و تێکەڵاوی گەل و حکومەتەکانیان دەکەن . کوردی واهەیە گەیشتۆتە ئەندام پارلەمانی وڵاتانی ئەوروپا . کوردانی زۆر  هەن کە پێوەندی و ئاشنایەتی و هاوکارییان لەگەلڕ پارلەمانتار و سیاســـەتمەدارانی جیهاندا دروستکردووە . ئەگەرچی سەنگەری نێوەخۆی کوردستانیان وەک پێویست یەکگرتوو نیە , بەڵام دیسانەوە دۆزی کوردستان لە قاوغی تەسکی نێوەخۆ و ناوچەکە هاتۆتە دەرێ و بەرەو بە جیهانیبوون و بە نێودەوڵەتیبوون هەنگاوی هەڵێناوەتەوە . بە یەکگرتوویی پەلەکانی بزاڤی رزگاریخوازی کوردستان و بە تێکەڵاوبوونی زیاتر لەگەلڕ وڵاتان و گەلانی جیهان , بەرەو بەنێودەوڵەتی راستین دەڕوا و لە وێستگەی ئاکام و ئاواتەکاندا لەنگەر دەگرێت .
بۆ قۆناغی هەنووکەیی دامەزراندن و پێکهێنانی کۆنگرەیەکی نیشتیمانی کە بتوانێ زۆرینەی هێزەکانی کوردستان کۆبکاتەوە , ئەرکێکی بەپەلە و خواستێکی نەتەوەیی و نیشتیمانییە . هەروەها بۆ باشوری کوردستانیش حزبی ئێمە خوازیاری ئەوەیە بەرەیەکی نوێی کوردستانی دروست بکرێ و  تەواوی هێزو لایەنە سیاسیەکانی باشور  لە دەورەی گوتارێکی نیشتیمانی دا کۆ بکاتەوە .چونکە یەکخستنی هێز و توانای کوردستانیان کارئاسانی لە هەنگاوەکان و گەیشتن بە ئارمانجەکان دەکات و هیواو ئومێدکی گەورەتریش بە کۆمەڵانی هەراوی خەڵکی کوردستان دەدات .

# کاودانی نێودەوڵەتی

لە ماوەی 9 ساڵی رابردوودا, وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا  لە هەڵپەی خۆ دەرخستن و کۆنترۆڵکردنی وڵاتە نەیارەکانی خۆیدابووە و, ویستوویەتی تەکانەیی خۆی بسەپێنێت و تەواوی وڵاتانی جیهان ناچار بکات پەیڕەوی لێ بکەن . هێرشی ناتۆ بەسەرۆکایەتی ئەمریکا بۆ سەر یوگسلافیا و ناچارکردنی میلۆسۆڤیچ بە بڕیارەکانی ئەوان و دواتریش گرتن و رفاندنی ئەو بۆ بەردەم دادگەی لاهای گەواهی ئەوەیان داوە کە ئەمریکا سەرسەختانە بۆ سەپاندنی سیاسەتەکانی خۆی لە تەواوی جیهاندا تێدەکۆشێت  و , دەیەوێ نەیارانی خۆی چاوترسێن بکات و بە چۆکیان دابهێنێت .
رووداوی 11ی سێپتێمبەری ساڵی 2001 گۆڕانێکی گەورەی بەسەر سیاسەتی نێودەوڵەتی داهێنا .
هێرشکردنە ســـەر مەڵبەندی بازرگانی جیهانی لە واشنگتۆن , دیاردەی تیرۆری  بە لووتکە گەیاند و هەترەشی مرۆڤایەتی برد . هەروەها دەستی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای واڵاتر کرد تا بێباکانە هێرش بکاتە سەر خاڵە ئارمانجەکانی. لەپەنای  سڕینەوەی هەڕەشە و مەترسییەکانی تیرۆر , ئەمریکاو وڵاتانی پێشکەوتوو کەوتنە خۆ و بازنەی پارێزگاریکردن لە خۆیانیان بەهێزتر کرد . هەر بەو بیانۆیەشەوە پێگە و چاوگەی نەیاران خرانە ژێر چاودێرییەوە . گوشار و هەڕەشەکان  بۆ سەر وڵاتان توندترکران . سەرەنجام هاوپەیمانیەتێکی بەهێز دژ بە تیرۆر پێکهات . ئەمریکا وەک هێزێکی سەرکردە و پێشەنگی ئەو هاوپەیمانیەتییە پەل و پۆی هاویشت و وابەستەبوونێکی سیاسی و سەربازی و ئەخلاقی گرتە ئەستۆ و بەپەلە بەرەو ئاسیا , بەتایبەتی رۆژهەڵاتی ناڤین ملی رێگەی گرتەبەر . هەروەها خۆی بۆ شەڕێکی درێژخایەن ئامادە و تەیارکرد . ئەمریکا رێکخراوی ئەلقاعیدەی بەبەڕێوەبەری ئەو کارە

تیرۆریستیانە و سەرکردایەتیکردنی تیرۆری نێودەوڵەتی تۆمەتبارکرد . لە دەستپێکدا داوای لە رژێمی تالیبانی حاکم بەسەر ئەفغانستان کرد کە بێ مەرج سەرانی رێکخراوی ئەلقاعیدە , بە تایبەتیش شێخ ئوسامە بن لادن , تەسلیم بە ئەمریکا بکەن . تالیبان بە پشتیوان و کۆمەکی ئەمریکا و وڵاتە دۆستەکانی وەک پاکستان و سعودیە , کۆنترۆڵی ئەفغانستانی کردبوو . باوەڕی نەدەکرد ئەمریکای هاوکاری نزیکی خۆی هێرش بکاتە سەری و بیروخێنێت . سەرانی بزووتنەوەی تالیبان کە حوکمی ئەفغانستانیان دەکر, ئەوەندە بایەخیان بە هەڕەشە و گوڕەشەکانی ئەمریکا نەداو بە هێند وەریان نەگرتن , کاتێ بە خۆیان زانی کار لە کار ترازابوو . لەژێر بیانۆی راونان و ریشەکێش کردنی تیرۆر , ئەمریکا هێرشی سەربازی کردە سەر تالیبان و لە ماوەیەکی کورتدا هەڵیتەکاندن . لەیەکەم هەنگاودا هێزە نەیارەکان شاری ( کابول ) یان کۆنترۆڵ کرد . حکومەتێکی کاتی بە سەرۆکایەتی حامید کارزای , هاوکاری نزیکی دەزگای CIA و بە پاڵپشتی خودی ئەمریکا و وڵاتانی ئەوروپا پێکهێنرا . روخانی رژێمی تالیبان سوود و قازانجێکی زۆری بە گەلی ئەفغانستان و وڵاتانی دراوسێی گەیاند . تەنانەت هێزە پێشکەوتنخوازەکانی ناوچەکە و جیهانیش بە نەمانی تالیبان سوودمەندبوون . هەنگاوەکانی بەرەو ئاوەدانکردنەوەی ئەفغانستان بە هەراو هۆریاوە دەستیان پێکرد . بەڵام لە ژێر برو بیانۆی جۆراوجۆرەوە ئەو هەنگاوانە پێشکەوتنی کردەییان بە خۆیەوە نەبینی ,. ئەمریکا بە خشکەیی خۆی لە پەیمان و بەڵێنەکانی سەبارەت بە ئاوادانکردنەوە و بەرەو پێشەوە بردنی ئەو وڵاتە دەدزێتەوە . زۆر نەماوە ئەو هەنگاوانە بەبێ هاوکار و پشتیوانی دەرەکی بمێننەوە . لەو پێوەندییەدا حامید کارزای گلەیی و گازاندە و رەخنەکانی خۆی لە ئەمریکا نەشاردۆتەوە . بەڵام مەترسی گەورەبوونەوە و فراوانبوونەوەی بازنەی تیرۆر و گەشەکردنەوەی بزووتنەوەی تالیبان و ئەلقاعیدە , ئەمریکا و ئەوروپا ناچارکردەوە کە پشت لە ئەفغانستان نەکەن و بە تەنیا جێی نەهێڵن . تا ئەندازەیەکی زۆر ئارامی و ئاسایش گەڕاوتەوە و گەلی ئەفغانستانیش بەرەو زیندوو بوونەوە و هەڵسانەوە هاتۆتەوە سەر شانۆی نێودەوڵەتی . چەند رۆژ لەمەوبەریش پرۆسەی هەڵبژاردنی سەرکۆماری ئەفغانستان بەڕێوەچوو .

دوای رووخاندنی تالیبان , گوشارەکانی سەر رژێمی سەدام گەورەتر کرانەوە . گەمارۆی ئابوری و سیاسی و سەربازی قۆناغ بە قۆناغ توندتر کرانەوە . تیمەکانی پشکنینی چەکە کۆکوژیەکان گەڕانەوە عێراق و درێژەیان بە کارەکانیان دایەوە . رژێمی سەدام هەستی بە مەترسیەکان کردبوو , رۆژ دوای رۆژ زیاتر بە چۆک دادەهات و ئامادەیی خۆی بۆ جێبەجێکردنی تەواوی داخوازییەکانی UN دەردەبڕی .

چەندین پرۆژەی جۆراوجۆر بۆ یەکلاییکردنەوەی کێشەی نێوان عێراق و ئەمریکا لە رێگەی نەتەوەیەکگرتووەکانەوە خرانە روو . سەرەنجام ئەمریکا و بەریتانیا پێیان داگرت و هەڕەشەکانیان راشکاوانەتر خستەروو. فەرەنسا و ئەڵمانیا و رووسیا پێشنیازەکانیان رەتدەکردەوە و خوازیاربوون لە رێگەی UNەوە یەکلایی بکرێتەوە . جۆرج بووش و تۆنی بلێر هاتنە مەیدان و چەند وڵاتێکی دیکەیان لە دەورەی خۆیان کۆکردەوە و هێرشیان کردە سەر رژێمی سەدام و لەباریەکیان هەڵوەشاندەوە و بەغدادی پێتەخت لە لایەن مارێترەوە کۆنترۆڵ کرا . ئەمریکا بۆ پێشاندانی توانا و شیانی خۆی , لە خۆباییانە خۆی نواند و شانازی بە سەرکەوتنەکە کرد . دواتر سەدام و ژمارەیەک گەورە بەرپرسی رژێمی بەعس گیران و خرانە زیندانەوە . لەو نێوەدا لیبیا وەک وڵاتێکی هەڕەشەلێکراو , هەستی بە گەورەیی بەرنامەی ئەمریکا کرد و راستگۆیانە بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی گەڕایەوە . لیبیا پشتی لە بەرنامەی چەکە کۆکوژیەکانی خۆی کرد و دەرگەی کارەگە و کورە ناوکیەکانی بۆ تیمەکانی پشکنین خستە سەر پشت و ئازایانە بەرەو ئەمریکاو وڵاتانی ئەوروپا هەنگاوی هەڵێنایەوە .

یەکێتی ئەورپا لە ژێر هەڕەشە و مەترسیەکانی جیهانی تاکجەمسەری , باوەشی خۆی بۆ وڵاتانی رۆژهەڵاتی ئەوروپا کردەوە و چەندین وڵات بۆ بەرئەندامێتی هاتنە پێشەوە . لەلایەکی دیکەشەوە یەکێتی ئەوروپا بەرەو دراوی یەکگرتوو هەنگاوی کردەیی هەڵێنایەوە . ئەمرۆ ژمارەیـەکی زۆر لە وڵاتـانی ئەوروپا دراوی هاوبەشـــــــــــی ( یۆرۆ)یان پەسند کردووە و کاری پێدەکەن . هەروەها چەند وڵاتێکی دیکەش لە یەکێتی ئەوروپا وەرگیراون . ئێستا ئەوروپا خاوەن بڕیارێکی یەکگرتوو و پارلەمانێکی هەڵبژێردراوی خۆیەتی و بەرەو یەکبوون و یەکێتی زیاتر هەنگاو هەڵدەگرێتەوە .

کیشوەری ئەفریقیا لە ژێر کاریگەری گۆڕرنکاریەکانی جیهان و بە دەستپێشخەری سەرۆکی لیبیا ,

بەرەو یەکگرتن و دۆزینەوەی ئالیەتێکی هاوبەش چەندین کۆنگرەو کۆنفرانسیان پێکهێناوە . بەڵام کێشە نێوخۆییەکانی سودان و سۆمال و رواندا و وڵاتانی دیکە , کۆسپی گەورەن و تا چارەسەرنەکرێن , ئەو هەنگاوانە بە ئاکام ناگەن و سەرکەوتوو نابن .
حکومەتی خەرتوم بۆ چارەسەرکردنی کێشەی باشوری سودان بەرەو دیالۆگ و دانوستاندن لەگەڵ هێزە نەیارەکان هەنگاوی هەڵێناوەتەوەو رێککەوتنێکی باشیشی لەگەڵ بزووتنەوەی رزگاریخوازی باشوری سودان بە سەرۆکایەتی ژەنەراڵ ( ژۆن گەرەنگ ) واژۆ کردووە و چاوەرێی ئاکامی بەرهەمداری لێدەکرێت . بەڵام کێشەی دارفۆر کە لە ئاکامی هێرشی چەتەکانی جەنجەوید ( کە هێزێکی رەگەزپەرستی عەرەبیە و حکومەتی خەرتوم پشتیوانی لێدەکات ), هاتۆتە ئاراوە و بە دەیان هاووڵاتی کوژراون و بە سەدان هەزاری دیکەش ئاوارە و پەراگەندە بوونە, کێشە و ئالۆزیەکانی نێوەخۆی وڵاتی سودانی گەورەتر کردۆتەوە . ئەمرۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە تایبەتیش فەرەنسا و ئەمریکا و وڵاتانی ئەفریقیا راشکاوانە هاتوونەتە مەیدان و پشتیوانی لە ئاوارانی دارفۆر دەکەن و دەخوازن حکومەتی خەرتوم ,, چارەسەری بەپەلە و خێرا بۆ ئەو کێشەیە بدۆزێتەوە . حکومەتی خەرتوم وەک هەنگاوی سەرەتایی ئامادەیی خۆی بۆ جێگیربوونی هێزی ئاشتی پارێزی نێودەوڵەتی لە دارفۆر دەربریوە .
لە لایەکی دیکەشەوە کێشەی بیابانی رۆژئاوا لە نێوان شانشینی مەغریب و بەرەی پۆلیساریۆ بێ چارەسەر ماوەتەوە و حکومەتی مەغریب خۆی لەو رێگەچارانە دەدۆزێتەوە کە لە ساڵی 1989ەوە , شا حەسەن, پادشای پێشووی مەغریب ئامادەیی خۆی بۆ بەرێوەبردنی ریفراندۆمێکی ئازاد بۆ یەکلاییکردنەوەی کێشەی بیابانی رۆژئاوا , دەربری بوو . بەڵام بە درێژایی 15 ساڵی رابردوو , بە بیانۆی جۆراوجۆرەوە شانشینی مەغریب بەرێوەبردنی ئەو ریفراندۆمەی وەدوا خستووە . بۆ یەکبوون و یەکێتی کیشوەری ئەفریقیا , دەبێ ئەو کێشانە یەکلایی بکرێنەوە .
لە ماوەی 9 ساڵ رابردوودا ئەمانە و دەیان کێشە و رووداوی دیکە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی شکڵیان گرتووە و شوێنی خۆیان لە لاپەرەکانی مێژوودا کردۆتەوە . بەڵام دیاردەی تیرۆر و تۆقاندنی خەڵکانی لاشەر , بە تایبەتیش تەقاندنەوەی باڵوێزخانە و شوێنە گشتی و کۆمەڵکوژی بارمتە و منداڵانی خوێندنگەکان, لە هەموویان مەترسیدار و سەرنج راکێشتر بووە .راستە چاوگەی تیرۆر لە وڵاتانی ئاسیا و ئەفریقیاوە هەڵدەقوڵێ , بەڵام پەل و پۆی بۆ ئەمریکا و ئەوروپاش هاویشتووە . وڵاتانی پێشکەوتووی وەک ئیسپانیا و ئیتالیاش لێی بێبەش نەبوونە . لەم پێوەندییەدا هێزە داگیرکەر و داپلۆسێنەرەکان دەیانەوێ بزاڤی رزگاریخوازی گەلانی ژێردەست تێکەڵاوی تیرۆر بکەن و لەو پەنایەوە رەوایەتی بە داگیرکردن و لە نێوبردنی بزاڤی گەلانی ئازادیخواز بدەن . رژێمی تورکیا زۆر سەرسەختانە کار دەکات و دەیەوێ بزاڤی رزگاریخوازی باکوری کوردستان بە بزاڤێکی تیرۆرستی بناسێنێ و دۆست و هاوکاری دەرەکی بۆ خۆی پەیدا بکات .
تێکەڵاوکردنی تیرۆر و بزاڤە رزگاریخوازەکان کارێکی نارەوا و نا بەجێیە . بۆ هاوێرکردنی تیرۆر و تیرۆری نێودەوڵەتی لەگەڵ بزاڤی ئازادیخوازی , ئەرکێکی قورس و گران لە ئەستۆی بزاڤی رزگاریخوازی گەلانی ژێردەست و , رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و داکۆکیکەر لە گەلانی زۆرلێکراو دایە و, پێویستی بە هەوڵ و کۆشش و ماندووبونێکی زۆر هەیە . بزاڤی رزگاریخوازی گەلی کوردستان یەکێکە لەو بزاڤی ئازادیخوازانەی کە هەرگیز پەنای بۆ تیرۆر و رەشە کوژی بەرامبەرەکەی نەبردووە . گەلی کوردستان بۆ خۆی قوربانی دەستی تیرۆر و تیرۆرستانی دەوڵەتانی ناوچەکە و گەلانی دەوروبەرە .
هێزە پاشڤەرۆکانی جیهانی عەرەب , لە وێنەی کارگەیەکی بەبرشت , تیرۆر وەبەرهەم دێنن و رەوایەتی بە کوشتنی ناحەزانی خۆیان دەدەن و ئەو پەتایە رەوانەی وڵاتانی دیکەی جیهانی دەکەن . جەزائیر و ئەفغانستان و پاکستان و فلیپین و ئەندۆنیسیا و چیچان و عێراق لە هەمووان زیاتر گیرۆدەی ئەو پەتایە هاتوون و زیانیان لێکەوتووە . لەم نێوەندەدا ئەمریکا بۆ راوەدوونانی تیرۆر خۆی بەرپرسیار و سەر پشک کردووە و دەیەوێ سیاسەتەکانی خۆی لە کردەوەی رۆژانەدا سەرکەوتوو پێشان بدات , بەڵام دیسانەوە ئەگەر بە وردی سەرنج لە رەوتی رووداو و گۆرانکاریەکانی ساڵانی رابردوو بدەین , دەبینین وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە بەشێک لە سیاسەتەکانیدا شکستی خواردووە و بەرەو دواوە گەراوەتەوە . روسیا و فەرەنسا و ئەڵمانیا و چین , ئامادەنین کوێخایەتی ئەمریکا پەسند بکەن . خەریکە تەوەرە و جەمسەری دیکە پەیدا دەبنەوە . هەرەشەو گورەشەکانی ئەمریکا نەیتوانیوە پاشەکشە بە

کۆریای باکور و کووبا و ڤەنزویللا بکات . چین بێباکانە رەوتێکی دژ بە تیراسای ئەمریکای هەڵبژاردووە و سەرکەوتنیشی بەدەست هێناوە . دەیەوێ تەواوی بەشە دابراوەکانی خاکەکەی بۆ ژێر قەڵەمڕەوی خۆی بگێڕێتەوە . ئەمریکا ناتوانێ سەرانێ و ململانێی ئاشکرا دژ بە چین درێژە پێبدات . لە بواری تەکتنەلۆژیاوە , ژاپۆن و چین و ئەڵمانیا و فەرەنسا , خۆیان بە کەمتر لە ئەمریکا نازانن . چین بۆ کۆنترۆلکردنی ئاسمان و هەسارەکانی دیکە تێدەکۆشێت . لەسەر پێڕاوەستانی کۆریای باکور و کووباو ڤەنزویللا , بە شکستی ئەمریکا تەواو بووە . بە تایبەتیش هەڵبژاردنەوەی هۆگۆ شاڤێز بۆ سەرکۆماری ڤەنزویللا , هەم سەرانی کۆشکی سپی نیگەران و دڵسارد کرد, هەمیش ئەو هێزانەی ڤەنزویللاشی هیوابڕ کرد کە پشتیان بە ئەمریکا بەستبوو . نەیارانی هۆگۆ شاڤێز راشکاوانە دانیان بە شکستی خۆیان دانا و سیاسەتی ئەمریکایان تاوانبارکرد و دیاریان کرد کە هەڵەشەیی سیاسەتی ئەمریکا , ئەوانی بە دۆڕان داوە .

وێڕا هەموو ئەو گرفت و ئالۆزیانە , هێشتا جیهان لە تاک جەمسەری دەربازی نەبووە . سەرباری هەموو ئەو نەهامەتیانە هێشتا جیهان بەرەو قۆناغێکی گەشەکردووتر هەنگاوی کردەیی هەڵێناوەتەوەوە . تەکنەلۆژیا بە رادەیەکی سەرسوڕهێنەر سەرکەوتن و پێشکەوتنی بەدەست هێناوە . ئینتەرنێت و هۆیەکانی راگەیاندن , دانیشتوانی هەسارەی زەوییان بە ئەندازەی گوندێک لەیەکتر نزیک کردۆتەوە . زۆربەی رووداوەکانی فەلەستین و عێراق و ئیسپانیا و چیچان و روسیا و شوێنەکانی دیکە , راستەوخۆ بۆ ماڵی ملیۆنان مرۆڤی دوورەدەست دەگوازرێنەوە . بەمەش زانیاری و ئاگاداری و هۆشیاریەکی بەرفراوان وەدەست هاتووە .

بزاڤی رزگاریخوازی کوردستان ئەگەر بیەوێ , دەتوانێ گەلێ و ســـــــوودی زۆرتر لەو بە جیهانیبوونەوەی راگەیاندن و ماسمیدیا وەربگرێ و, کێشە رەواکەی خۆی بە شێوەیەکی راستەوخۆ بە جیهانیان بگەیەنێ و هاوسۆزی و پاڵپشتی گەورەتر بۆ دۆزی کوردستان وەدەست بێنێت .

ئەمرۆ ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لە هەموو ناوچەکانی دیکەی جیهان زیاتر چاوەڕوانی گۆڕانی لێدەکرێت . هەرچەندە تا ئەمرۆ کەس ناتوانێ پێشبینی ئەو بەرنامەیەی ئەمریکا بکات کە بەناوی رۆژهەڵاتی گەورەوە دایڕشتووە و دەیەوێ جێبەجێی بکات . وڵاتانی دراوسێی عێراق لە هەموو وڵاتانی دیکەی ناوچەکە زیاتر ترسیان لێنیشتووە و پێیانوایە ئەم بەنامەیە بۆ هەڵوەشانەوەی ئەوانە و دەبێ هەرچی زووترە بەخۆ بکەون و دژایەتی ئەمریکا بکەن .ئەمریکاش لەژێر ناوی بە دیموکراسیکردنی خۆرهەڵاتی ناوەراست لێبڕاوانە لە هەولڕ و کۆششی خۆی دایە . گەرەکە بزاڤی رزگاریخوازی کوردستان وردبینانە ئەو هاوکێشەیە بخوێنێتەوە و هەوڵبدات بۆ بەرژەوەندی خۆی و نیشتیمانەکەی بیقۆزێتەوە . خۆگونجاندن لەگەلڕ هاوکێشەکان بە واتای تەسلیمبوون بە ئەمەری واقیع نییە . بەڵکو واتای لە بێژینگدان و پاڵاوتنی ئەو کەڵک و قازانجانەیە کە بە کێشەی رەوای گەلەکەمان دەگات و نیشتیمانەکەمانیش بە سەربەخۆیی دەگەیەنێت .

---

# بڕیار و راسپاردەکان

## * بڕیار سەبارەت بە کەرکوک

کەرکوک شارێکی مێژوویی کوردستانییە , لەبەر هەبوونی نەوتەکەی لەلایەن داگیرکەرانەوە چاوی تێبڕدراوە . لەماوەی 40 ساڵی رابردوو , دووچاری گەورەترین شاڵاوی راگواستن و ئەنفال و بە عەرەبکردن بۆتەوە . بۆ ساغکردنەوەی دیمۆگرافیای کەرکوک دەبێ ئاوارە و دەرکراوانی کوردو تورکمان بۆ سەر شوێنی باب و باپیرانییان بگەڕێنەوەو موڵک و زەوی خۆیان پێبدرێتەوە و , دەوڵەت قەرەبوویان بکاتەوە .

هەروەها دەبێ عەرەبە هاوردەکان , بەتایبەتیش ئەوانەی لەلایەن رژێمی بەعس بەمەبەستی بەعەرەبکردن هێنراونەتە سنووری پارێزگای کەرکوک , بۆ شوێنی پێشوویان کە لێیانەوە هاتبوون , بگێڕدرێنەوە . بۆ نیشتەجێکردنەوەی ئەوان لە شوێنی پێشوویان دەبێ حکومەت باروبوویان بکات و هانیان بدات .

کۆنگرە , کۆمیتەی ناوەندی رادەسپێرێ تا لەگەڵ لایەنە سیاسیەکانی دیکە و کۆمەڵانی هەراوی خەڵکی کوردستان , بۆ یەکلاییکردنەوەی چارەنووسی کەرکوک لێبڕاوانە تێبکۆشێت . دەبێ هەوڵبدرێت سەرژمێری گشتی دانیشتوان ئەو کاتە بەڕێوەبچێت کە دەرکراوان گەڕابنەتەوە شوێنی خۆیان و هاوردەکانیش بۆ شوێنی پێشوویان چووبنەتەوە .

کۆنگرە, لە کەرکوکیان دەخوازێ لە ریگەی هێمنانەوە گوشاری خۆیان دەکار بهێنن تا پارێزگای کەرکوک بۆ باوەشی هەرێمی کوردستان بگەڕێتەوە .

کۆنگرە بە توندی ئەو سیاسەتەی هاوپەیمانان و حکومەتی کاتی عێراق رەتدەکاتەوە کە کێشەی کەرکوک بۆ دواتر هەڵدەگرێ و ریگەش نادات دانیشتوانی پارێزگای کەرکوک بەشداری لە هەڵبژاردنی پارلەمانی کوردستاندا بکەن . ئەمە سیاسەتێکی رەگەزپەرستانەیە و دژ بە گەلی کوردستان درێژەی پێدەدرێت و پێشێلکردنێکی ئاشکرای مافی مرۆڤیشە .بە گوێرەی یاسا , هاووڵاتیانی دەرەوەی وڵات دەتوانن بەشداری لە پرۆسەی هەڵبژاردندا بکەن , ئەی چۆن هاووڵاتیانی ناوەخۆی وڵات بۆیان نییە بەشداری لە هەڵبژاردندا بکەن و دەنگی خۆیان بدەن ؟؟!!.

کۆنگرە , سیاسەتی سازشکارانەی ئەو لایەنە سیاسیانەی کە لە مەسەلەی کەرکوکدا کەمتەرخەمی دەکەن و خۆیاندەگنخێنن , لە قاودەدات و سیاسەتی پشتکردن لە کەرکوکیش ریسواو شەرمەزار دەکات , لە هەمان کاتدا پشتیوانی و هاوهەنگی لەگەڵ هەر لایەن و سەرکردەیەک دەکات کە داکۆکی لە کێشەی کەرکوک دا بکات .

- ## *بڕیار سەبارەت بەو ناوچانەی کوردستان کە دوای روخانی بەعس ئازادکراوان

دوای روخانی رژێمی بەعس جگە لە کەرکوک و موسڵ , خانەقین و مەخمور و گوێر و شنگاڵ و زمار و جەلەولا و قزلاباد و شارەبان و چەندین شوێنی دیکە رزگارکران , بەڵام هاوپەیمانان و ئەنجوومەنی فەرمانڕەوایی کاتی عێراق خۆیان لە کوردستانیبوونی ئەو شوێنانە بوارد و تا ئەمڕۆش ئامادەنین بۆ سەر هەرێمی کوردستان بگێڕدرێنەوە . کۆنگرە زۆر بە توندی ئەو سیاسەتە ریسواو تاوانبار دەکات و دەخوازێ هەرچی زووترە ئەو شوێنانە بۆ باوەشی کوردستان بگێڕدرێنەوە . بەشێک لەو شوێنانە لەلایەن رژێمی بە عسیشەوە بە کوردستان ناسرابوون , هەرچەندە لەگەڵ راپەڕینی بەهاری 1991 ئازادکرابوون , بەڵام دواتر داگیرکرابوونەوەو نەببوونە بەشێک لە هەرێمی کوردستان , کەچی ئەمڕۆ نکۆڵیان لێدەکرێت و چارەنووسیان بۆ داهاتوو دواخراوە .بۆیە کۆنگرە داوا دەکات کە حزب لێبڕاوانە لە پێناو گێڕانەوەی ئەو شوێنانە هاوکاری و هاوهەنگی زیاتر لەگەڵ لایەنە پەرۆشەکان درێژەپێبدات . لە دوا وێستگەدا بۆ وەدەستهێنانەوەی ناسنامەی کوردستانیبونی ئەو شوێنانە دەبێ پەنا بۆ خۆپێشاندان و رێپێوانی هێمنانە ببردرێت .

- ## *بڕیار سەبارەت بە بزاڤی رزگاریخوازی کوردستان

بزاڤی رزگاریخوازی کوردستان , بزاڤێکی راستین و رەوایە , بۆ رزگارکردنی گەل و سەربەخۆیی نیشتیمان درێژەی پێدراوە , لەهەمان کاتدا بەشێکی دانەبڕاو لە بزاڤی ئازادیخوازی گەلانی ژێردەست و داگیرکراو پێکدەهێنێ .هاوکاریکردن و پشتیوانی لێکردنی ئەرکێکی نیشتیمانی و وڵاتپارێزی و رەوشتییە . هاوهەنگی و هاوکاریکردن لەگەڵ بزاڤی پارچەکانی دیکەی کوردستان ئەرکی لە پێشیتەی سەرشانی

جەماوەر و حزبە  ئازادیخواز و سەربەخۆخوازەکانە .

- *بڕیار سەبارەت بە مافی بڕیاردانی چارەنووس

بڕیاردان لە چارەنووس مافی هەر گەلێکی جیهانە . گەلی کوردستان مافی خۆیەتی وەک تەواوی گەلانی دیکە ئازادانە بڕیار لە چارەنووس و داهاتووی خۆی بدات . کێشەی کوردستان بە مرۆڤ و خاکەوە کێشەیەکی گرگرتووی ناوچەکەو جیهانیشە , تا دۆزی کوردستان یەکلایی نەکرێتەوە ئاشتی و هێمنایەتی لە رۆژهەلاتی ناڤین بەدی نایەت .
کوردستانی نیشتیمان بە پیلانی کۆلۆنیالیزم و ولاتانی دەرەکی لەت لەت کراوەو بە ولاتانی ناوچەکەوە لکێنراوە . لە کاتی لکاندندا پرس و راوێژ بە گەلی کوردستان نەکراوە و رای وەرنەگیراوە , بۆ لابردنی ئەو ناهەقییە دەبێ ریگە بە گەلی کوردستان بدرێت ئازادانە بڕیار لە چارەنووسی خۆی بدات و شێوەی پێوەندییەکانی لەگەلڕ نەتەوە و ولاتانی دیکە دابڕێژێتەوە .

- *بڕیار سەبارەت بە ریفراندۆم

ریفراندۆم سپاردنەوەی دەستەلاتە بە جەماوەر , بۆ یەکلاییکردنەوەی  کێشە چارەنووسسازەکان , باشترین و لە بارترین چارەسەرە  و رەواترین شێوازی خەباتیشە .لەم روانگەیەوە دەخوازین دۆزی کوردستان بە ریگەی بەرێوەبردنی راوێژێکی گشتی ژێر چاودێری نەتەوە یەکگرتووەکان یەکلایی بکرێتەوە . حزبی ئێمە یەکەمین لایەنی سیاسی کوردستانی بووە و لە سالی 1993ەوە ریفراندۆمی کردۆتە دروشمی خۆی , ئێستاش کار بۆ بەرێوەبردنی ریفراندۆم دەکات و تەواوی توانای خۆیشی بۆسەرخستنی دەکار دەهێنێ , هەروەها شێلگیرانە پشتیوانی لە بزاڤی راپرسی لە کوردستان دا دەکات .

- *بڕیار سەبارەت بەهێزە سەربەخۆخوازەکان

بۆ کۆکردنەوە و یەکخستنی هێزو توانای کوردستانیان و بۆ بە هێزکردنی شیانی لایەنە سەربەخۆخوازەکان , کۆنگرە کۆمیتەی ناوەندی رادەسپێرێ تا لەگەلڕ لایەنە سەربەخۆخوازەکان گفت وگۆ بکات و شێوازێکی گونجاو هەلبگرێتەوە و کاری بۆ بکات .
کۆنگرە متمانە بۆ ناوەندی سەربەخۆیی کوردستان NSK  دووپاتی دەکاتەوە و داوای بە هێزکردن و فراوانبوونی دەکات .

- *بڕیار سەبارەت بە چەپ و مارکسیەکان

لە پێناو پتەوکردن و بە هێزکردنی سەنگەری چینایەتی , کۆنگرە دەخوازێ کۆمیتەی ناوەندی هەنگاوی کردەیی هەلبگرێتەوەو پێوەندی لەگەلڕ کەسایەتی و لایەنە چەپ و مارکسیەکانی کوردستان و , ناوچەکەو جیهان قوولتر بکاتەوە .
کۆنگرە , بۆ باشوری کورستان پێکهێنانی ئالیەتێکی هاوبەشی لایەنە چەپ و یەکسانیخوازەکان بە پێویست و گرنگ دەزانێ . بەلام مخابن گروپ و لایەنە چەپەکان لەیەکتر دوور و هاوێرن و بە رەوشی ئێستایانەوە ناتوانن کاریگەریی لەسەر رەوتی پێشهات و رووداوەکان دابنێن , بە یەکخستنی ریزەکانین دەتوانن نەخشی باش و کاریگەرتر کایە بکەن .

- *بڕیار سەبارەت بە یەکبوون لەگەڵ لایەنە هاو رامانەکان

به مەبەستی پتەوو بە هێزکردنی سەنگەری سەربەخۆخوازی و چینایەتی , کۆنگرە , کۆمیتەی ناوەندی دەست ئاوالآ دەکات بۆ بڕیاردان لە یەکبوون و یەکگرتن لەگەڵ ئەو لایەنە سیاسیانەی کە رامان و هەلۆێست و لێکدانەوەی وەکهەڤیان لەگەڵ حزبی رزگاریی کوردستاندا هەیە .

- *بڕیار سەبارەت بە ئەنجوومەنی راوێژکاران

کۆنگرە , کۆمیتەی ناوەندی رادەسپێرێت تا ئەنجوومەنێکی راوێژکاری بۆخۆی لە کەسانی شارەزا و پسپۆر و تەکنۆکرات پێکبهێنێت . بە بڕوای ئەندامانی کۆنگرە , بوونی ئەو ئەنجوومەنە گوڕو تینێکی تازەتر بە کۆمیتەی ناوەندی دەدات , دەبێ لە کاتی کۆڕانکاری و پێشهاتەکان پرس و راوێژیان پێ بکات و رایان وەربگرێت و لێکدانەوەی ئەوانیش بۆ بڕیار و هەنگاوەکانی خۆی بە گرنگ و پڕبایەخ بنرخێنێت .

- *بڕیار سەبارەت بە ئەنجوومەنی پشتگیری

کۆنگرە , کۆمیتەی ناوەندی رادەسپێرێت تا بە هاوهەنگی لەگەڵ کەسانی نیشتیمانپەروەر , ئەنجوومەنێکی پشتگیری بۆچاودێریکردن و پشتیوانیکردن لە سیاسەتەکانی حزب دروست بکات . بوونی ئەنجوومەنێکی لەو بابەتە دەتوانێ راست و دروستی سیاسەتەکانی حزبی رزگاریی کوردستان لە مەحەک بدات , یاخود لە کاتی لادان و هەڵەکردندا راستیان بکاتەوە . دروست کردنی ئەنجوومەنی پشتگیری بە واتای سوود وەرگرتن لە توانا و رامانی کەسانی دیکە لێکدەدرێتەوە و بەمەبەستی پێشخستن و سەرکەوتنی سیاسەتەکانی حزب و دۆزی گەلەکەمان پێکدێت .

- *بڕیار سەبارەت بە دۆستانی گەلەکەمان

کۆنگرە پشتیوانی و هاوسۆزی لایەن و کەسایەتی بیانی بە گرنگ وپڕ بایەخ دەنرخێنێ . بوونی هاوسۆز و هاوکاری دەرەکی رەوایەتی زیاتر بە کێشەی کوردستان دەدات و بەرەو بە نێودەڵەتیکردنی دەبات . بۆ زۆرکردنی ژمارەی هاوسۆزانی دەرەکی گەرەکە لایەنە سیاسیەکان و کەسایەتییە ولآتپارێزەکان لێبڕاوانە پەرە بە کاری دیبلۆماسی بدەن و پێوەندی بەو کەس و لایەنانەوە بکەن کە هاوسۆزی لەگەڵ دۆزی گەلەکەماندا دەکەن . ناردنی نامەو شاند ونوێنەر بۆ دیداری ئەو هاوسۆزانە , پێوەندیان بە هێز و پتەوتر دەکات . لەم روانگەیەوە کۆنگرە سلاونامە و پێزانینی تایبەت بۆ ئەو کەس و لایەنانە دەنێرێ کە خۆبەخشانە پشتیوانی لە کێشەی گەلەکەمان دەکەن .

- *بڕیار سەبارەت بە تیرۆر

تیرۆر دیاردەیەکی دڕندانەو نا مرۆڤانە و قێزەوەنە , بە توندی دژی تیرۆرستان رادەوەستین و نەفرەتیان لێدەکەین و بە تاوانباریان دەناسین . لە هەمان کاتدا داواکارین کە دیاردەی تیرۆر تێکەڵاو بە بزاڤە رزگاریخوازەکان نەکرێت .
بزاڤی رزگاریخوازی گەلانی بندەست و داگیرکراو خاوەن پەیامێکی ئازادیخوازانەو مرۆڤدۆستانەن و بە ئارمانجی رزگاری مرۆڤ و سەربەخۆیی نیشتیمان درێژەیان پێدەدرێت . لە هەمان کاتدا بزاڤگەلێکی رەواو مافخوازن , بەڵام تیرۆر پەتایەکی بێزراو و کۆنە پارێزانەیە و بەئارمانجی سەپاندنی خواست و داوا نارەواکان و گێڕانەوەی سیستەمە داتەپیوەکان درێژەی پێدەدرێت .
ئێمە لە کاتێکدا زۆر بە توندی نەفرەت لە تیرۆرست و تیرۆرپەروەران دەکەین , لە هەمان کاتدا پشتیوانی و هاوسۆزی بە بزاڤی رزگاریخوازی گەلان دەکەین .

- ***بڕیار سەبارەت بە سروودی نیشتیمانی**

کۆنگرە , سروودی ( خۆشمدەویێ ولاتەکەم , کانگای هیواو ئاواتەکەم ) بە سروودی نەتەوەیی و نیشتیمانی  کوردستان دەناسێ و , بۆنەو یادەکانی خۆی بەو سرووده دەکاتەوە .

- ***بڕیار سەبارەت بە راپۆرتی سیاسی کۆنگرە**

کۆنگرە بڕیاردەدا کە راپۆرتی سیاسی تا کۆنگرەی داهاتوو کارنامەی حزب دەبێت و کاری پێدەکات . لە جێبەجێکردنی پرۆگرام و بەنامەی ناوخۆی حزب کۆمیتەی ناوەندی بەپرسیاری سەرەکی دەبێ و لێبڕاوانە کاری بۆ دەکات